# ڕەچەڵەکناسیی بەدێوکردن

## سەرەتایەک بۆ تیۆریزەکردنی پەیوەندیی ناوەکیی ئەنتیسێمیتیزم و ئەنتیکوردیزم

**پێشڕەو محەمەد**

„

بۆ زیاتر لە ڕەوایەتیخستنی پرسی کوردستان، پێشخستنی پرسی فەڵەستین و پەرەدان بە ئایدیۆلۆژیای زیاتری ئەنتیسێمیتیزم، دەباشی لەگەڵ ئەوەی ئیسرائیل بە دروستکراوێکی کۆلۆنیالیزمی ئەورووپی دەبینێت، بەڵام هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەگەر ئیسرائیل کۆلۆنیالیزمی ئەورووپی، بەتایبەت بریتانی دروستی کردبێت، کەواتە هیچ ڕەوایەتییەکی نییە، بەڵام عێراق و سوریاش کۆلۆنیالیزمی بریتانی و فەرەنسی دروستی کردن و تورکیاش هەر بە بڕیاری کۆلۆنیالیزمی بریتانی دروست بوو. بۆ ئەم دروستکراوە کۆلۆنیانە ناخرێنە ژێر پرسیارەوە و ڕەوایەتیان هەیە، بەڵام ئیسرائیل لە ڕەوایەتی دەکەوێت؟

“

## پێشەکی

ئەمەی لێرەدا دەیخوێننەوە، پوختەیەکی خێرای کتێبە تازەکەمە بە زمانی ئینگلیزی دەربارەی ئەم پرسە کە ڕەهەندە مێژوویی، سیاسی، کولتووری و ئابوورییەکانی بەسەر دەکەمەوە. لێرەدا دەمەوێت هەندێک بنچینەی خێرای تیۆری بۆ تێزەکەم دابمەزرێنم سەبارەت بە فەنتازیای پیلانگێڕی، بەستنەوە و یەکسانکردنی کورد و جوو، بینینی کوردستان وەک «فیتنە و پیلانێکی زایۆنیستی» هەم وەک ڕێگەیەک بۆ لە ڕەوایەتی خستنی پرسی مێژوویی کوردستان و هەم لە ڕەوایەتی خستنی دەوڵەتی ئیسرائیل و بینینی جووەکان لە پشتی هەموو ئەو شتانەی فەنتازیای پیلانگێڕی بە خراپیان دەبینێت. ئەم فەنتازیای پیلانگێڕییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەنێو ڕەوتە ئایدیۆلۆژییە جۆراوجۆرەکاندا خۆی دەر خستووە کە هەمیشەش لە مەیدانی کردەکیدا ڕۆڵی خۆی گێڕاوە: لە ئیخوان موسلمینەوە بگرە بۆ هەردوو لقە مۆدێرنەکانی: حەماس و داعش (یەکەم پەلاماری بۆسەر ئیسرائیل و دووەم بۆسەر کوردستان) بۆ بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی بانعەرەبیزم و وەرگێڕانی بۆ دەسەڵات لە سوریا و عێراقدا: بەعسیزم، تا دەگاتە چەپی ئێرانی و تورکی. جگە لەوە، لەم نووسینەدا هەروەها بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارەشدا دەگەڕێم: بۆ چەپی جیهانی بە مەرج و لە ئاستی زۆر کەمدا پشتیوانی لە پرسی کوردستان دەکات بەڵام بۆ فەڵەستین، نەک پشتیوانیی بێمەرج، بەڵکو هەموو فەنتازیاکانی پیلانگێڕیش لە بەرگێکی نوێدا زیندوو دەکاتەوە؟ هەروەها دەمەوێت ئەم بابەتەش شی بکەمەوە: فەڵەستین وەک کۆدێکی کولتووری. بۆ تێگەیشتن لەم پەیوەندییانە، بەتایبەت ئەو هاوپەیمانێتییە تیۆری و پراکتیکییەی لەنێوان چەپ، ڕاست، ئیسلامیزم و تیۆریزەکاران و ڕۆشنبیرانی پۆست-کۆلۆنیالیزمدا دروست بووە، بەتایبەت لە پەیوەندیدا بە پرسی فەڵەستین و پرسی کوردستانەوە، خوێنەر پێویستە لە دوو دیاردەی زۆر بنچینەیی تێ بگات: فەنتازیای پیلانگێڕی و ئەنتیسێمیتیزم[1]. لێرەدا دەبێت جەخت لەوە بکەمەوە کە ناتوانم بە دوورودرێژیی ئەم بابەتە شی بکەمەوە و لەم ڕووەشەوە بابەتێکی وەهای کەمتر ناسراو لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، پێویستی بە زۆرترین لێکۆڵینەوە هەیە، بە دوو هۆکار، یەکەم ئەنتیسێمیتیزم نەک تەنها بزووتنەوەیەکی دژە-جووەکانە، بەڵکو لە ناوەڕۆکی خۆیدا بزووتنەوەیەکی سیاسیی دژە-دیموکراتی، دژە-لیبراڵیزم، دژە-سۆسیالیزم، دژە-مۆدێرنیتە و دژە-ڕۆشنگەرییە و دووەم، بەتایبەت بۆ ئێمە لە کوردستان ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە خەباتی کورد بۆ نەتەوەبوون و دەوڵەتدارییەوە هەیە. هەرچۆنێک بێت هەوڵ دەدەم لەم وتارەدا سەرەداوەکان شی بکەمەوە، بەڵام بەڵێن بە خوێنەر دەدەم لە زووترین مەودادا کتێبێکی فراوانی من لەو بارەیەوە دەخوێنێتەوە.

## فەنتازیای پیلانگێڕی چییە و چۆن جووەکان دەکاتە ئامانج؟

لە ئینگلیزیدا بەردەوام بە فەنتازیای پیلانگێڕی دەگوترێت «تیۆریی پیلانگێڕی» (Conspiracy Theory)، بەڵام بەگشتی لە ئەڵمانیا، بەتایبەت کە تێیدا تیۆریی ڕەخنەیی نیوسەدە باڵادەستی هەیە، بەگشتی وەک «فەنتازیای پیلانگێڕی» (Verschwörungsfantasie) یان «خەیاڵ/وێنای پیلانگێڕی» (Verschwärungs-vorstellung)، یاخود «فەنتازیای پیلانگێڕیی جیهانی» (Weltverschörungsfantasie) ناوی دەبرێت و هۆکاری ئەمەش دەکرێت بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە کە لە پشتی تیۆرەوە دونیا و ئاراستە یان لێکدانەوەیەکی عەقڵانی وەستاوە، واتا تیۆر بنچینەی خۆی لەسەر شیکاریی عەقڵانی بۆ دیاردەکان دادەمەزرێنێت، لەکاتێکدا «پیلانگێڕی» لە دەرەوەی لێکدانەوە

و شـــیکاریی عەقڵانییەوەیـــە، لەکاتێکـــدا فەنتازیـــای پیلانگێڕی پشـــت بـــە خەیاڵ و بیرۆکە یاخود بونیادێکی گێڕانەوە دەبەستێت کـــە هەڵســـوکەوتێک، پـــیلان و فیتنەیەکی خەیاڵیـــی وا پیشـــان دەدات وەک بڵێیت لە ژیانی راســـتەقینەدا ڕوو دەدات و ســـاڵانێکی زۆریشە لەئارادایە و بەدوای دەرفەتی گونجاودا دەگەڕێت پیلانەکانی جێبەجێ بکات[٢].

فەنتازیای پیلانگێڕی بەگشـــتی وا دەری دەخـــات ڕێگەیـــەک بێـــت بـــۆ لێکدانەوەی جیهـــان (Welterklärung)، یـــان جۆرێـــک جیهانبینیـــی (Weltanschauung) بێـــت کە توانـــای ڕاڤەکردنی ئەو دیاردانـــەی هەیە لە جیهاندا ڕوو دەدەن. هەمیشـــەش پشت بەوە دەبەســـتێت و ئاماژە بەوە دەکات ئەو ڕووداو و هەلومەرجانەی تێی کەوتووین لە ئەنجامی پیلانگێڕیـــی گرووپێکی نهێنی، دەســـتێکی نادیاری، بەگشـــتی شـــەڕانگێزەوە دێن، کە هەم بەدەسەڵاتن و هەم نهێنی دەجووڵێنەوە. بەگشتیش فەنتازیا پیلانگێڕییەکان هەندێک گرووپی دیاریکـــراو دەکەنـــە ئامانج، هەموو شکســـتەکانی خۆیانی پێ هەڵدەواسن و ئەو گرووپە دەکەنە بەرپرسی هەموو کەموکورتی، چارەڕەشـــی، بـــەڵا و ئـــەو نەخۆشـــییانەی بەسەریاندا هاتوون. تەنانەت ئەگەر ئەو گرووپە لە لاوازترین دۆخی خۆشـــیاندا بن، هێشتا وا دەبینرێت، لاوازییەکەیان تاکتیکێکی نهێنی، پیلانێکی شـــاراوەی دیکەیانە بۆ ئەنجامدانی کاری خراپ و تێکدەرانەی زیاتر. بۆ نموونە لە ســـەردەمی کۆنەوە تا ئەمڕۆ، هیچ گرووپێکی مرۆیی، گەل و نەتەوەیەک هێندەی جووەکان ڕووبەڕووی ئەم تۆفانـــی فەنتازیا پیلانگێڕییە نەبووەتەوە. کاتێک لە ساڵی ١٩٤٥دا جووەکان لـــە لاوازترین دۆخی خۆیاندا بوون و نزیکەی شەش ملیۆن جوو بەدەستی نازییەکان قڕ کرا بوون، و نیوەی جیهان کەوتبووە بەردەســـتی ئەڵمانیای نازی، هێشتا نازییەکان پروپاگەندەی ئەوەیـــان دەکرد، کـــە جـــووەکان خەریکی پیلانگێڕیی جیهانین دژی مرۆڤایەتی، لێرەدا مەبەســـتیان لە مرۆڤایەتـــی، ئەڵمانیای نازی بوو. لـــەم ڕووەوە، بەگشـــتی فەنتازیا/تیۆریی پیلانگێڕی بـــە هەموو ڕێگاکانـــدا دەچێتەوە سەر بە ئامانجگرتنی جووەکان[٣]. یاخود وەک تیۆدۆر ئادۆرنۆ ئاماژەی پێدەکات ســـەبارەت بە فەنتازیای پیلانگێڕی و ئەنتیســـێمیتیزم: «ئەنتیســـێمیتیزم بڵاوکردنـــەوەی دەنگۆیـــە سەبارەت بە جووەکان»[٤].

لە ســـەردەمی نوێدا هیچ نووســـراوەیەک هێندەی «تۆمارنامەکانی سەرانی زایۆن» (The Protocols of the Elders of Zion)، کـــە بۆ یەکەم جار بە ڕووسی لە ١٩٠٣دا بڵاو بووەتەوە، ڕۆڵی لـــە ڕادیکاڵیزەکـــردن و پەرگیرکردنی تیـــۆر و فەنتازیـــای پیلانگێڕیـــدا نەبووە، کە بووەتـــە هـــۆی نـــەک قڕکردنی جـــووەکان، بەڵکو هەروەها جەنگـــی دووەمی جیهانیش، پاڵنەرێـــک بووە بۆ جەنگ لەســـەر جووەکان و لەناوبردنیـــان لەپێناوی نەهێشـــتنی خراپە لە جیهاندا. ئەم دەقـــە گوایە تۆمارنامەیەکی نهێنیـــی کۆنگـــرەی زایۆنیســـتەکانە دزەی کردووەتـــە دەرەوە، لـــە بنەڕەتـــدا دەقێکی ساختەکراوی پۆلیســـی نهێنیی ڕووسیا بووە و پاشـــان بە فراوانی ئاشـــکرا بوو. لەکاتێکدا کۆنگـــرەی زایۆنیســـتەکان بـــە ڕابەرایەتیی تیۆدۆر هێرتزل لە نێوان ٢٩-٣١ی ئۆگۆستی ١٨٩٧دا لە شـــاری بازلی سویسرا بەستراوە، کۆنگرەیەکی ئاشـــکرا بـــووە نەک نهێنی و بە بەرچاوی ڕۆژنامەوانان و چاودێرانی جیهانەوە بووە، پرۆتۆکۆل (تۆمارنامەی کۆبوونەوە) باس لەوە دەکات ئـــەم ناوەڕۆکانەی ناو ئەم کتێبە پشت پەردەی زایۆنیستەکان پیشان دەدات بۆ ئامادەکردنی جووەکان بۆ حوکمردنی جیهان. پرۆتۆکۆلەکان (تۆمارنامەکان) دوای شۆڕشی بەلشـــەڤیی ١٩١٧ دەهێنرێنـــە ئەڵمانیـــا، بەتایبەت دوو ئەفسەری باڵای سوپای تزاری، پیۆتر بیکۆلایڤیچ شابێلسکی-برۆک و فیۆدۆر ڤیکتۆرۆڤیـــچ ڤینبێـــرگ، دوو دژە-جـــووی

توندڕەو، ڕا دەکەن و بە شەمەندەفەرێکی ئەڵمانی دەگەنە بەرلین. کاتێک دەگەنە ئەڵمانیا، وردە وردە شۆڕشی کۆمۆنیستەکان بە ڕابەرایەتیی ڕۆزا لۆکسمبورگ، ژنەجوویەکی سۆسیالیست، شارەکانی ئەڵمانیای تەنی بووەوە، بووە هۆی لە تاج داماڵین و لە دەسەڵات داماڵینی قەیسەر ڤیلهێلمی دووەم و ڕاکردنی بۆ هۆڵەندا. هەردوو ئەفسەرە باڵا ڕووسییەکە لە تریبونی کۆنزەرڤاتیڤ و ڕاسترەوەکاندا خێرا دەست دەکەن بە بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانیان دەربارەی هەردوو شۆڕشەکەی ڕووسیا و ئەڵمانیا، و بەوەدا سەرکردە دیارەکانی هەردوو شۆڕشەکە جوو بوون، دەبێتە دەرفەتێک خێرا لە هەموو نووسراوەکانیاندا بڵێن پیلانی داگیرکردنی جیهان لەلایەن جووەکانەوە لە «تۆمارنامەکانی سەرانی زایۆن»دا هاتووە. ئەوان لەگەڵ خۆیاندا نوسخەیەکی ڕووسیی تۆمارنامەکان دەهێننە ئەڵمانیا و دەیدەن بە کەسێک بەناوی لودڤیگ مولەر فۆن هاوزن، دامەزرێنەری ڕێکخراوێکی نهێنی و ژێرزەمینیی ڕاسترەوی توندڕەو لە ئەڵمانیا، کە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی ناوەکەی بەم جۆرە بوو: کۆمەڵەی دژە-باڵادەستیی جووەکان. بە پشتیوانیی داراییی ئەریستۆکراتە بەجێماوەکان و ئەندامانی ئێستا لە دەسەڵات داماڵراوی خێزانی پاشایەتی، نامیلکە ساختەکراوە ڕووسییەکە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی ئەڵمانی و لە جێنیوەریی ١٩٢٠ چاپەمەنییەکەی مولەر فۆن هاوزن چاپ و بڵاوی دەکاتەوە[٥].

دوای شکستی خوێناویی شۆڕشی نۆڤەمبەری ئەڵمانیا و دامەزراندنی کۆماری نیمچە دیموکراتیی ڤایمار لە ئەڵمانیا، قەیران دوای قەیران بەرۆکی ئەڵمانیا دەگرێت، لە قەرەبووکردنەوەی وڵاتانی زیانلێکەوتووەوە بگرە بۆ ناسەقامگیریی سیاسی و بۆ قەیرانە ئابوورییە یەک لە دوای یەکەکان و بۆ داکشانەوەی پیشەسازیی ئەڵمانی. هەموو ئەمانە دەرفەتی گرنگ دەبن بۆ سەرهەڵدانی هێزە توندڕەوە ڕاسترەو و فاشیستەکان لە ئەڵمانیا. لە هەموو ئەم شتانەشدا جوو تۆمەتبار دەکرێن کە لە پشتی یەک بەیەکی ئەم قەیرانانەوە وەستاون و سەرچاوەی سەرەکیی ئەم تۆمەتانەش هەمیشە بریتییە لە پرۆتۆکۆلەکان. لە کۆتاییی ساڵی ١٩٢٠دا نزیکەی ١٢٠ هەزار نوسخەی نامیلکەکە دەفرۆشرێت. تا ساڵی ١٩٣٣ و بە ماوەیەکی کەم پێش هاتنی هیتلەر بۆ دەسەڵات، دەگاتە سی و سێ چاپ و بە نزیکەی تا ١٠ ملیۆن فرۆش دەڕوات. وەک فۆلکە ئولریش، یەکێک لە کاریگەرترین و ناسراوترین مێژوونووسانی ئەڵمانی و بە نزیکەی دوایین ژیننامەنووسیی هیتلەر، دەڵێت «لەگەڵ بڵاوبوونەوەی پرۆتۆکۆلەکانی سەرانی زایۆن لە ئەڵمانیا و بە زمانی ئەڵمانی... تیۆریی پیلانگێڕی بووە ڕەگەزی هەرە سەرەکیی پروپاگەندەی ئەتنیکی-شۆڤینیستیی ئەڵمانی»[٦]. هانا ئارنت لە کتێبە کاریگەرەکەیدا، سەرچاوەکانی تۆتالیتاریزم (١٩٥١) تۆمارنامەکان وەک دەقی سەرەکیی نازیزم دەبینێت و دەڵێت نازییەکان ئەم دەقەیان وەک «کتێبی وانەیی» بەکار هێناوە[٧]. نۆرمان کۆهن، مێژوونووس و دەروونشیکاری بریتانی، لە کتێبە بەناوبانگ و کلاسیکەکەیدا فەرمانی جینۆساید: ئەفسانەی پیلانگێڕیی جیهانیی جوو و تۆمارنامەکانی سەرانی زایۆن (١٩٦٧)، ئەم نامیلکەیە وەک «فەرمانی جینۆساید» لەقەڵەم دەدات و دەڵێت ئەم دەقە بووە «دەربڕین و پاڵنەری باڵا و سەرەکی بۆ ئەفسانەی پیلانگێڕیی جووی جیهانی. مێشک و زەینی هیتلەری بە قووڵی بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد و دەقەکە بووە ئایدیۆلۆژیای سەرەکیی توندڕەوترین و شێتانەترین لایەنگرانی هیتلەر لە ناوخۆ و لە دەرەوە — و دەقەکە یارمەتیدەر بوو لە ئامادەکردنی ڕێگەکە بۆ بە نزیکەیی قڕکردنی سەرتاپای جووەکانی ئەورووپا»[٨]. ڕۆبەرت

ویستریش، بەناوبانگترین مێژوونووسی بواری ئەنتیسـێمیتیزم دەڵێت ئەم دەقە ڕاستەوخۆ هۆلۆکۆستی لێ کەوتەوە[٩]. سێرگی نیلوس، قەشە و ئەریستۆکراتیی ڕووسی، لە ساڵی ١٩٠٥دا دەقەکە بەناوی «مەزن لە بچووکدا: هاتنی دژە-مەسیح و حوکمی شەیتان لەسەر زەوی» چاپ دەکات، بە دیاریکراوی لە سەروبەندی شۆڕشی ١٩٠٥ی ڕووسیادا، کە جووە لیبراڵ و سۆسیالیستەکان ڕۆڵی چالاکانەیان هەبوو لە شۆڕشەکەدا و شکستی شۆڕشەکەش، هاوکات کوشتار و ڕاوەدوونانی بەکۆمەڵی جووەکانی لێ کەوتەوە.

کەواتە دەکرێت بپرسین چۆن دەکرێت دەقێکی بچکۆلەی ڕووسی، لە ماوەیەکی کەمدا هێندە بە ئاسانی جیهان بتەنێتەوە و لەگەڵ ئەوەی هەر زوو هەم بەلشەڤییەکان و هەم ئەمریکییەکان، بریتانییەکان و فەڕەنسییەکان ئاشکرایان کرد کە دەقێکی ساختەکراوی پۆلیسی نهێنیی ڕووسییە، بتوانێت هۆلۆکۆست و قڕکردنی سەرتاپاگیری جووەکان بخوڵقێنێت؟ دەروونشیکارەکان و مێژوونووسانێکی زۆر و بیرمەندان لەسەر ئەوە کۆکن کە فەنتازیا پیلانگێڕییەکان و درۆ و پروپاگەندەکان بەئاسانی دەتوانن کار لە هۆش و زەین و دڵ و دەروونی جەماوەر بکەن و بیجووڵێنن. ئەم دەقە هاوکات کاریگەریی لەسەر کەسایەتییە دیارەکانی جیهان و سەرمایەداران و بەدیاریکراویش بە فراوانی لەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامی داناوە. بۆ نموونە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، لە خۆراوا ئەم دەقە بەتەواوی لە ڕەوایەت کەوت، کەچی لە ساڵی ٢٠٠٣ تەلەڤزیۆنی ئەل-مەناری حزبوڵا دەقەکە دەکات بە زنجیرەفیلمێکی ٢٩ بەشی بەناوی «دیاسپۆرا» (الشتات). بۆ نموونە بەڵگەنامەی ڕاگەیاندنی حەماس لە ١٩٨٧دا تۆمارنامەکان وەک بەڵگەیەکی ڕەسەن و ڕاستەقینە لەقەڵەم دەدات و لەم ڕێیەوە دەڵێت بوونی ئیسرائیل بۆ حوکمی جیهان و تێکدانی جیهانی ئیسلامی، پێشتر لە تۆمارنامەکاندا هاتووە. لەگەڵ ئەوەی تۆمارنامەکان لە پێش شۆڕشی ئیسلامیی ئێران وەرگێڕدراوە بۆ فارسی، بەڵام لە سەردەمی خومەینییەوە تا ئەمڕۆ یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی گوتاری فەرمیی دژە-جووی کۆماری ئیسلامی.

بەکورتی، لەگەڵ ئەوەی نووسەری دەقەکە زانراو نییە، بەڵام ئەوە بە فراوانی ناسراوە کە دەقەکە لە دەزگای نهێنیی پۆلیسی ڕووسیادا دروست کراوە و لە ٢٤ بەش پێک هاتووە، واتا بە گریمانەیی لە ٢٤ خولەکی دیداری زایۆنیستەکان، کە لە ڕوانگەی دەقەکەوە، دیدارێکی نهێنی بووە و وەک «پلانە نهێنییەکان»ی جووەکان بۆ حوکمی جیهان ناو براوە کە لە ڕێگەی دەستبەسەرداگرتنی ئابووری، کۆنترۆڵکردنی میدیا، بەشەڕدانی وڵاتان و نەتەوەکان و هەڵگیرساندن و وروژاندنی جەنگە ئایینییەکان، ئامانج و پیلانی خۆیان بۆ باڵادەستبوون بەسەر جیهاندا بەدی دەهێنن. بەڵام بێگومان چەندین سەرچاوەی سەرەکی بۆ نووسینی ئەم دەقە بەکار هاتوون کە ڕیشەی ڕاستەوخۆیان لە دژە-جووایەتیی فەڕەنسا و ئەڵمانیای سەدەی هەژدە و نۆزدەدا هەیە و دیارە لێرەدا ئێمە ناتوانین بە وردی هەڵوەستە لەسەر ڕەگوڕیشەکانی ئەم دەقە بکەین و بەدڵنیاییەوە هەڵی دەگرین بۆ لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ[١٠].

دەتوانین بڵێین هیچ نووسراوەیەک لە مێژووی مرۆڤدا هێندەی ئەم دەقە ساختەکراوە نەیتوانیوە بنچینەی فەنتازیای پیلانگێڕی پێک بهێنێت. هۆکارە سەرەکییەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی ناوی جووەکان کە دەیانەوێت حوکمی جیهان بکەن، بەوەدا جیهان پێشتر بەدرێژاییی دوو هەزار ساڵ دەستوپەنجەی لەگەڵ دژە-جووایەتییدا نەرم کردووە. ئەم دەقە ئەو بیروباوەڕەی لای فەنتازیسازانی پیلانگێڕی بەهێز کردووە کە جووەکان

بکاتە بەرپرسی هەموو کارەساتەکانی سەر زەوی و هەموو دیاردە مۆدێرنەکان، تەنانەت دژبەیەکەکانیش: کۆمۆنیزم و سەرمایەداری. بۆ نموونە جوو دەتوانێت ستالین و رووزەڤێلتی سەرۆکی ئەمریکا بکاتە هاوڕێ. وەک باس کرا، ئەم دەقە دوای جەنگ لە جیهانی خۆراوادا باوی نامێنێت، تەنها لە بازنەیەکی بچووکی گرووپە ژێرزەمینییە نیۆنازییەکاندا نەبێت، بەڵام ئەمڕۆ کاریگەریی خۆی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ جیهانی ئیسلامی و تەنانەت بۆ سیکۆلارترین ڕەوتەکانی ئەم جیهانە: ناسیۆنالیزمی پانعەرەبی واتا بەعسیزم و چەپ گواستووەتەوە و ئەم جارە ڕەهەندێکی دیکەش بۆ سەر ئەم فەنتازیا پیلانگێرییە زیاد کراوە: کورد.

## ئەنتیسیمیتیزم چییە؟ ڕاست، چەپ، ئیسلامی

ڕقبوونەوە لە جووەکان (Judenhass)، جووبێزی (Judenfeindseligkeit)، دژە-جووایەتی (Anti-Judaismus) و دژە-سامی (Antisemitismus) کۆمەڵە دەستەواژەیەکن لە دەوری یەک تێما دەخولێنەوە: دوژمنایەتی بەرانبەر جووەکان (Judenfeindschaft) و ئەمەش بەشێکە لە کۆدە کولتوورییەکانی مرۆڤ بە درێژاییی دوو هەزار ساڵ بێ پچڕان بووە بە بەشێک لە یادەوەری و توانا و ڕێچکەی پەیوەندیگیریی کۆمەڵگاکانی مرۆڤ، لە کۆمەڵگەی خۆراواییەوە بگرە تا کۆمەڵگە موسڵمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمریکای لاتین، ئاسیای ناوەڕاست و دوور. دژایەتیکردنی ئەم دیاردەیەش نە پەروەردە و نە زانایی و زیرەکی چارەسەر نین.

ساڵی ٢٠١٤ ئەنجومەنی ناوەندیی جووەکان لە ئەڵمانیا کۆمەڵێک بەڵگەنامەی بڵاو کردەوە کە هەم بە ئیمەیل بۆی هاتوون و هەم کۆمێنتی فەیسبووک و تویتەر و ئینستاگرامی کۆ کردبوونەوە و بڵاوی کردنەوە تێیدا هاتبوو: «هەی جوو، هەی جوو، هەی بەرازی جەبان، وەرە دەرەوە و دووبەدوو بجەنگە»، «ئیسرائیلی منداڵکوژ»، «تیرۆریزمی جوو بوەستێنن»، و هتد ئەم جۆرە دەربڕینە بەئاشکرا دژە-جووانە لە پەیوەندیدا بە ناکۆکیی غەزە-ئیسرائیل بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەم دەربڕینانەی سەرەوە تەنها لە ئاستی کۆمێنت و ئیمەیلدا نەما بوونەوە، بەڵکو ببوونە نووسراوی سەر لافیتەکان لە خۆپیشاندانی شاری ئێسن، بەرلین، کۆڵن و چەندین شاری دیکەی ئەڵمانیا. هەروەها بە بەردەوامی لە پۆستی فەیسبووک، ئینستاگرام و تویتەردا دەبینین جووەکان بە نازییەکانی ئەمڕۆ ناو دەبرێن و غەزە بە گیتۆی وارشۆ. هەروەها ڕۆژانە کونسوڵخانەی ئیسرائیل و سەرجەمی دامەزراوە و ناوەندە جووەکانی ئەڵمانیا ئیمەیلیان بۆ دەچێت، تێیاندا دەوڵەتی جوو وەک گەورەترین و پیسترین زبڵدانی سەر زەوی و جووەکان بە هەمان شێوە و بە یەکسان وەک منداڵکوژان دەبینرێن و وەک تاوانبار و دڕندە و ئاژەڵی کێوی لەقەڵەم دەدرێن. هەڕەشەی کوشتن لە جووەکان وەک کوشتنی سەرجەمی ئیسرائیلییەکان و فەنتازیای قڕکاری وەک بە چەکی ئەتۆمیی بۆمبارانکردنی «دەوڵەتی تاوانکاری ئیسرائیل» و سڕینەوەی لەسەر زەوی، بووە بە گوتاری بەردەوامی وڵاتان و خەڵکانی جۆراوجۆر و ئەمڕۆ چی تر هەڕەشەی سڕینەوەی ئیسرائیل بە چەکی ئەتۆمی وەک گوتارێکی فەناتیکی ئێران نەماوەتەوە و بووە بە بەشێک لە کۆمێنتنووسانی ئەڵمانیش. لە شاری ڤوپەرتال بە مۆلۆتۆڤ و ئامرازی ئاگرکەرەوە هێرش دەکرێتە سەر پەرستگای جووەکان (سیناگۆگەکان). لە سەرجەمی ئەڵمانیادا خۆپیشاندەران هەم ئاڵای ئیسرائیل و هەم کیپا (کڵاوی سیمبولیی ئایینیانەی جووەکان، یارمولکە) وەک نیشانەی نەخۆشی پیشان دەدرێن و جوێنیان پێ دەدرێت، و ئەوانەی

کیپایان لەسەر کردبێت، هێرشیان دەکرێتە سەر[١١].

ئەنتیسێمیتیزم لە ڕووی مێژوویی‌یەوە ڕیشەیەکی قووڵی دووروردرێژی هەیە و ڕیشەکەی بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە سەر میسرییە کۆنەکان. بۆ نموونە فلاڤیوس ژۆزێفوس (٣٧-١٠٠ی زایینیی) مێژوونووس و ڕابەری میلیتاریی ڕۆمانی-جوو، دوای شکستی یوریشەلایم بەدەستی ڕۆمانەکان، دەچێتە پاڵ ڕۆمانەکانەوە و پۆست و پلەی باڵا بەدەست دەهێنێت، و پاشان دەبێتە لێکۆڵەری فەلسەفە و تیۆلۆژیا و مێژوونووسی، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناوی «دژی ئاپیۆن» یاخود بە وەرگێڕانی مۆدێرن: «دژی یۆنانییەکان دەربارەی کەونارایی گەلی جوو»، دەڵێت: «یەکەم جار میسرییەکان دەستیان پێکرد جوێنمان پێ بدەن»[١٢]. دژە-جووایەتی پاشان دەپەڕێتەوە ناو مەسیحایەتی، بەتایبەت بە دوو هۆکار: یەکەم حەوارییەکانی مەسیح بۆ ئەوەی ڕەوایەتی بە ئایینی تازەی مەسیحی بدەن دەبوو جووەکان بەدێو بکەن، لە ڕەوایەتی دایان بماڵن و لە بنەڕەتدا خودی ئایینی جوو، پێش سەرهەڵدانی مەسیحایەتیش وەک ئایینێکی ڕەتکراوە ببینن. دووەم، لەقەڵەمدانی جووەکان وەک «خواکوژ». نزیکەی دوو هەزار ساڵ لە کۆمەڵگەی مەسیحیدا، بەتایبەت لە خۆراوا، جووەکان وەک «خواکوژان» دەبینرێن، ئەمەش دەبێتە سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی سەرجەمی دەنگۆکان دەربارەی جووەکان: منداڵکوژان و خواردنەوەی خوێنیان، ژەهراویکردنی کانیاوەکان، و ئەمانەش هەروەها جووەکان وردە وردە بەرەو کەنارەکان و پەراوێزەکانی کۆمەڵگە پاڵ دەنێن و دەیانکەن بە مرۆڤانی پەراوێزنشین و سەرجەمی کارە شایستەکانیان لەسەر قەدەغە دەکەن. ڕێگەیان پێنادەن بەشداریی کۆمەڵگەی خانەخوێ بکەن، لە خوێندنگاکانیان بخوێنن، سەردانی شوێنە پیرۆزەکان بکەن و هتد[١٣].

## یەک: ئەنتیسێمیتیزمی ڕاستڕەو

لەگەڵ ئاوابوونی دەسەڵاتداریێتیی مەسیحی و سیکۆلاریزەبوونی کۆمەڵگە خۆراوایی‌یەکان، ئەنتیسێمتیزمی ئایینی هەر دەمێنێت، بەڵام ئەم جارە سیکۆلاریزە و بەدونیایی دەبێت. لەپاڵ بینینی جووەکان وەک خواکوژان، ئەم جارە وەک داهێنەرانی ئایدیا و ئایدیۆلۆژییە مۆدێرنەکان دەبینرێن بۆ لەناوبردنی کۆمەڵگەی قووچەکێتی و هایرارکیی ئەریستۆکراسیی خۆراوایی: ڕۆشنگەری، مۆدێرنیتە، لیبراڵیزم، سۆسیالیزم، سەرمایەداری و دەوڵەت-نەتەوەکان. لێرەوە ئەنتیسێمیتیزمی ڕاستڕەو دەست پێدەکات. هەڵبەت ئەم ئەنتیسێمیتیزمەش ڕیشەی قووڵی لەنێو نەریتی دوور و درێژیی مێژوویی و هەروەها زرە-زانستی ڕەگەزیی سەدەی نۆزدە و ئایدیۆلۆژییە ڕەگەزی و شۆڤینییەکانی کۆتاییی سەدەی هەژدەدا هەیە. لە ئەورووپا وەک باسمان کرد، ئەنتیسێمیتیزمی کلاسیک، فۆرمێکی ئایینی هەیە و بەستراوەتەوە بە ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی مەسیح و بینینی جووەکان وەک خواکوژان، ئەمەش هۆکاری ڕاوەدوونان، جیاکاری، توندوتیژی، ئازاردان و چەندین کوشتاری لێ کەوتووەتەوە. ئەم فۆرمەی توندوتیژی بەرانبەر بە جووەکان و سیکۆلاریزەبوونی لە هۆلۆکستدا دەگاتە لوتکە. یەکێک لەو بۆچوونە باو و هەڵانەی سەبارەت بە ئەنتیسێمیتیزم لە خوێندنەوەی مارکسیستیدا هەیە ئەوەیە ئەنتیسێمتیزم وەک فۆرمێکی بێگانەبێزی (xenophobic) و ڕاسیزم دەبینێت کە دەڵێت نازییەکان جووەکانیان وەک ڕەگەزی نزمتر و خەڵکانێکی بچووکتر دەبینی. بەپێچەوانەوە لە ئایدیۆلۆژیا و فەنتازیای دژە-سامیی نازییەکاندا و بەگشتی ڕاستڕەوەکاندا، جووەکان فۆرمێکی ترسناک وەردەگرن بەوەدا دەسەڵاتدارترینن و توانای هەموو جۆرە کارێکیان هەیە.

لە گێڕانەوەی نازییەکاندا و هەروەها

راســترەوی ئەمرۆشــدا جووەکان کۆنترۆڵی دارایی جیهان، میدیا و سیاسەتیان کردووە. پێشتر باسی «تۆمارنامەکانی سەرانی زایۆن»مان کرد، ئــەم گێڕانەوەیە دەڵێــت بەڵگەی ئەم کۆنترۆڵەی جوو بەســەر سیاســەت و دارایی و میدیای جیهانیدا پێشــتر لە تۆمارنامەکاندا هاتــووە. هەمــوو ڕەوتــە ڕاســترەوەکان و ئایدیۆلۆژییەکان لە نازییەکانەوە بۆ ڕاسیســتە سپیپێســتە ئەمریکییەکانــی ئەمــڕۆ کۆکن لەسەر ئەوەی جووەکان خەریکی پیلانگێڕین لە دژی جیهــان و کولتووری خــۆرئاوا. هەر لەبەرئەوە بــوو هیتلەر دەیگوت بە لەناوبردنی جووەکان «مرۆڤایەتی ڕزگار دەکەم» و لە ساڵی ١٩٣٩دا بە ماوەیەکی کەم پێش داگیرکردنی پۆڵەنــدا، لە ڕایشــتاگی ئەڵمانیــدا، هیتلەر دەڵێت: «ئەگەر جووایەتیی ئەنتەرناســیۆنالی دارایی لە ناوەوە و دەرەوەی ئەورووپا بیەوێت جارێکی دیکە گەلان بگلێنێتە نێو جەنگێکی دیکەی جیهانییــەوە، دەرەنجامەکە ئەم جارە بە بەلشەڤیکردنی زەوی و لەگەڵیدا سەکەوتن و بردنــەوەی جووایەتی نابێــت، بەڵکو بریتی دەبێت لە قڕکردنی ســەرتاپای ڕەگەزی جوو لە ئەورووپا»[١٤].

لێرەدا ئێمــە دەبینین هیتلەر نەک تەنها جوو بــۆ جەنگی یەکەمی جیهانیش تۆمەتبار دەکات، کاتێک دەڵێــت «جەنگێکی دیکەی جیهانی»، واتا جەنگــی یەکەمیش هەر جوو هەڵگیرســێنەری بــووە، هەروەهــا پێداگری لەســەر ئەو فەنتازیایــە دەکات کە جووەکان بەهێزتریــن «ڕەگــەز»ن و لە پشــتی هەموو ڕووداوەکانەوە وەســتاون. شولامیت ڤۆلکۆڤ، بیرمەند و مێژوونووسی ئیســرائیلی، لە تێزە ناوازەکەیــدا بەناوی «ئەنتیســێمیتیزم وەک کۆدی کولتــووری»، لە ســەدەی نۆزدەدا لە ئەڵمانیا ئایدیۆلۆژییەک دەر کەوت:

*«خــۆی لەنێــو مێتالیتییەکــی ڕادیکاڵــی دژە-مۆدێرنــدا پیشــان دەدا کە لیبراڵیزم، ســەرمایەداری و سۆســیالیزم ڕەت دەکاتەوە و جۆش و خرۆشــێکی بەتینی نۆستالژییانەی بــۆ جیهانێکــی لەمێژ لەدەســتچوو هەیە. ئەمــەش زنجیرەیەکی ڕوانگە سیاســییەکان پیشــان دەدات، بــە خودی دژایەتیکردنی دیموکراســی و بانگەواز بۆ دووبــارە دامەزراندنەوەی کۆمەڵەیەکــی نەتەوەیــی چوونیەک و هارمۆنــی. ئەمەش چــوو بووە پاڵ ناســیۆنالیزمی پەرگیــر، پاڵنەرێکی کۆلۆنیالــی و ئیمپریالــی، جــۆش و خرۆشێک بۆ جەنگ و بانگەشەکردن بۆ کۆد و ڕێسا و یاسایەکی ئەخلاقیی پێش-پیشەسازی، هەمووی تێکەڵبوو بە زیاتر لە تەنها ئاسەوار و شوێنپێیەکی دووڕوویی و ڕیــاکاری. بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەم ڕەوتە هەمیشە و سەتاپا ئاوێتە بوو بە ئەنتیسێمیتیزم»[١٥].*

ئــەم جۆرە بینینــەی جوو لەنێــو بزووتنەوە ڕاسترەوەکاندا دوای ١٩٤٥ بەتەواوی کۆتایی پێ نەهــات و ئەمڕۆ لە فۆرمــی جۆراوجۆردا دەر کەوتووەتەوە. بۆ نموونە دەتوانین باس لە ئەنتیسێمیتیزمی ڕاســترەوی نوێ بکەین کە دیسان پێداگری لەســەر پیلانگێڕیی جووی جیهانــی دەکات. بۆ نموونە ئێســتا جووەکان لەپشــتی ئەجێندا جیهانییەکانەوە وەستاون، وەک سیاســەتەکانی کۆچبــەری و پەنابەری تا ســەروەریی نەتەوەیی وڵاتانی خۆراوا لاواز بکەن، یاخود ئەجێنــدا ئابوورییەکانی خۆیان بەڕێوە بەرن. کەســانی وەک جۆرج سۆرۆس، جوویەکــی ملیاردێر بەگشــتی وەک هێمای کاریگەری و هەژموونی جوو دەبینرێت کە هەم دەیەوێت بە کردنەوەی سنوورەکانی ئەورووپا بــەڕووی پەنابەرانــدا هێــزی کاری هەرزانی دەست بکەوێت و هەم هەستە نەتەوەیی‌یەکانی ئەورووپییــەکان لاواز بکات و ڕاســترەوەکان

ئەوەش ناشارنەوە کە ئەم پیلانگێڕییەی جوو وەک جۆرێک تۆڵەکردنەوە لە ئەورووپا بۆ هۆلۆکۆست ببینن. تەنانەت کتێبێکی تازە، لە نووسینی مات پالومبۆ، ڕاسترەوی ئەمریکی، سۆرۆس وەک «پیرهەڤۆک»، دێو، و دەستی شاراوە لەپشت هەموو سیاسەتەکانی ئەمریکا و جیهانەوە دەبینێت[۱۶]. لە هەموو ئەم دارشتنانەدا، پارە، سامان، سەرمایە، بازرگانی و ... هتد هیچ ترسێکی لەسەر نییە، تەنها ئەو کاتە ترسناک دەبێت ئەگەر ئەو سامانە لەدەستی جووەکاندا بێت.

## دوو: ئەنتیسێمیتیزمی چەپڕەو

ئەنتیسێمیتیزم پێکهێنەری ناوەکیی ئایدیۆلۆژیای چەپ نییە، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نایەت لەناو بزووتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستیدا ئەنتیسێمیتیزم نەبوو بێت. ئێمە جارێ باسی ئایدیۆلۆژیای ئەنتیسێمیتیزمی چەپڕەو دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل ناکەین، بەڵکو باس لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست دەکەین. هەموو ڕەخنەکان لە جووەکان ڕەخنەی دژە-سامییانە نەبوون، یاخود سەرجەمی ڕەخنەکان و هێرشەکان بۆسەر زایۆنیزم لەلایەن چەپەوە لە ئەنتیسێمیتیزمەوە نەدەهاتن، بەڵکو لە ناوەرۆکی ئایدیۆلۆژیی ئەم بزووتنەوەیە دەهات بەرانبەر بە دەوڵەت-نەتەوەکان. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا دووبارەکردنەوە و بگرە لە زۆر شوێندا ڕادیکاڵیزەکردنی زیاتری ئەنتیسێمیتیزم لەبەرەی چەپ هەبووە. کارل مارکس، لەگەڵ ئەوەی قووڵ بڕوای بە ڕزگاریی جووەکان هەبووە، هاوکات هەندێک تێما و ناوەرۆک لە نووسینەکانیدا هەن دەری دەخەن هێشتا قووڵ لەژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیای شۆڤینیستی و مەسیحیی کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدەدا بووە، بەتایبەت وتارە بەناوبانگ/بەدناوەکەی «دەربارەی پرسی جوو» (Zur Judenfrage)[۱۷]. لەم نووسینەدا مارکس هەوڵ دەدات گەشە بە پێناسەیەکی جووایەتی، سروشتەکەی و مانا مێژووییەکەی بدات. ئایدیاکانی بەهیچ شێوەیەک تازە نەبوون: ئەو هەروا بەسانایی بەشێکی زۆری ئەو ناوەرۆک و بۆچوونانەی هەڵگرتبوونەوە پێشتر لای فۆیەرباخ هەبوون - جووایەتی وەک ئایینی ئیگۆییزم - و زۆر گشتیتر لای هێگلییەلاوەکان ئامادە بوون، بۆ نموونە یەکسانکردنی جوو بە پارە وەک لای مۆزس هێس هەبوو. مارکس دەنووسێت: «بناغەی سیکۆلاری بۆ جووایەتی چییە؟ پێداویستیی پراکتیکی، خود-بەرژەوەندی. ئایینی دونیاییانەی جوو چییە؟ بازرگانیی گەرۆک. (Händler). ئەی خوای دونیاییی جوو چییە؟ پارە. کەواتە زۆر باشە! ڕزگاربوون لە بازرگانیی گەرۆک و لە پارە، دواجار لە جووایەتیی پراکتیکی و ڕاستەقینە، دەبێتە خۆرزگاربوونی ڕۆژگاری ئێمە»[۱۸]. ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی جووایەتیی «پراکتیکی، ڕاستەقینە» - پارە و بازرگانی – ئێستا ئیتر ببوونە بناغەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوازی. نەتەوایەتیی خەیاڵی و وەهمی (chimärische Nationalität)ی جوو، «مرۆڤی پارە» یاخود «مرۆڤە-پارە» (Geldmensch) لە جیهانی سەرمایەدا خۆی هەڵوەشاندبووەوە؛ لەم ڕووەوە، مەسیحییەکان چەندە «ببوونە جوو»، جووەکانیش بەو ڕادەیە خۆیان ڕزگار کردبوو[۱۹]. مادام بەهاکانی جووایەتی ڕیشەیان لەنێو کۆمەڵگەی مەسیحیی بۆرژوازیدا داکوتا بوو و لەنێو ئەو کۆمەڵگەیەدا بڵاو ببوونەوە، ڕزگاریی مرۆیی، تێپەڕاندنی سەرمایەداری و تێپەڕاندنی جووایەتیی تێکەڵی هەمان پرۆسە ببوون. هەرکە «بازرگانی» تێپەڕێنرا، جووایەتیش لە ڕەوایەتی هەبوونی خۆی دەکەوێت:

*«هەرکە کۆمەڵگە سەرکەوتوو بوو لە هەڵوەشاندنەوەی جەوهەری ئەزموونگەریی جووایەتی – واتا ‹بازرگانیکردنی گەرۆک›(Händler)*

*و پێش مەرجەکانی — جوو مەحاڵ دەبێت (der Jude wird unmöglich)، چونکە وشیارییەکەی چی تر بابەت و ئۆبژێکتێکی نەبووە، چونکە بناغەی خودێتیی (بکەرێتیی) جووایەتی، پێداویستیی پراکتیکی بەمرۆیی کراون، و چونکە ململانێی نێوان بوونی تاکگەری-هەستەوەریی مرۆڤ و بوونی جۆرایەتیی خۆی لەناو چووە و نەماوە. ڕزگاریی کۆمەڵایەتیی جوو بریتییە لە ڕزگاربوونی کۆمەڵگە لە جووایەتی»*[٢٠].

بینینی جووەکان وەک «مرۆڤە-پارە» (Geld-mensch) یاخود «گەلی بازرگانپیشە» (Han-dlsvolk) لەلایەن مارکسەوە، پیشانی دەدات بیرمەندە شۆڕشگێڕە سۆسیالیستەکە دابڕاو نەبووە لە تێگەیشتنی باوی ئەو سەردەمە و پەیوەندی بە ئەنتیسێمیتیزمەوە، ئەگەرچی مارکسی پیرتر، بەتەواوی خۆی لەم ئایدیایانە دادەبڕێت، بەتایبەت کاتێک ئەم جارە ستایشی بۆرژوازی و سەرمایەداری دەکات بە هەڵگەڕاندنەوەی پەیوەندییە کۆنەکان و ڕزگارکردنی مرۆڤ لە کۆتوبەندی زەوی و بیرکردنەوە لە سەرهەڵدانی سەرمایەداری نەک وەک دیاردەیەکی بازرگانی، بەڵکو مۆدێلی بەرهەمهێنان و تێیدا ئەم جارە نەک جووەکان (کە ئێستا وەک پەراوێزنشین دەبینرێن) بەڵکو بۆرژوازیی ئەورووپی بەرپرسن لە سەرهەڵدانی سەرمایەداری. هەموو ئەمانەش نەبوونە هۆی ئەوەی لە داهاتوودا بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەتەواوی خۆی لە ئەنتیسێمیتیزم داببڕێت.

دوو بیرمەندی هەرەڕادیکاڵی ناو سۆسیالیزم کە هەڵگری گوتاری قرکارین بەرانبەر بە جووەکان، ژۆزێف پرۆدۆن و میخایل باکۆنین، دوو ڕابەری سۆسیالیزمی ئەنارشیستی، بوون. ساڵی ١٨٤٧ ژۆزێف پرۆدۆنی ئەنارشیستی فەرەنسی دەڵێت: «دەبێت لە دژی ئەم ڕەگەزی جووە بجەنگین کە هەموو شتێک ژەهراوی دەکات، لە هەموو شوێنێک دەر دەکەوێت بێ‌ئەوەی خۆی تێکەڵی گەلانی دیکە بکات... دەبێت ئەم ڕەگەزە یان بنێردرێتەوە بۆ ئاسیا یاخود بەتەواوی قڕ بکرێت». تەنانەت پرۆدۆنی ئەنارشیست و ئەتاییست خۆی لەوە بەدوور ناگرێت نەریتی مەسیحی دووبارە بکاتەوە و جووەکان بە «خواکوژ» لەقەڵەم بدات و دەنووسێت «ڕقبوونەوە لە جوو هاوشێوەی ترس لە ئینگلیز دەبێت بنچینەی باوەڕی سیاسیی ئێمە بێت»[٢١].

هەڵوەستەکردن و لێکۆڵینەوەی قووڵ لە ئەنتیسێمیتیزمی چەپ پێویستی بە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ هەیە. بەڵام ئەگەر لێرەشدا بە کورتی ئاماژە بە هەندێک سەرەقەڵەم بکەم، دەبێت ئاماژە بەوە بکەم تەنانەت لە کۆتاییی‌یەکانی سەدەی نۆزدە کاتێک ئەنتیسێمیتیزم وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی لە بەرەی ڕاست لە ئەڵمانیا دەر دەکەوت و خۆی وەک ئایدیۆلۆژییەکی دژە-سەرمایەداری دەبینی و بنکە جەماوەرییەکەشی جووتیاران بوون، دژی بەپیشەسازیکردن دەوەستایەوە و لەمەشدا بەردەوام جووەکانی بە بەرپرسی سەرهەڵدانی سەرمایەداری دەزانی، بەشێکی زۆری سیاسەتمەداران و بیرمەندانی ناو بزووتنەوەی سۆسیالیستیی ئەڵمانیا، ئەگەر ڕاستەوخۆش پشتیوانییان لەم بزووتنەوە دژە-سەرمایەدارییە دژە-سامییە نەکرد بێت، بەرانبەری بێدەنگ بوون، چونکە پێیان وابوو بەم جۆرە دەتوانن لە داهاتوویەکی نزیکدا دەنگی جەماوەری جووتیار ببەنەوە. هەر لەبەرئەمە، بیرمەند و ڕابەری مارکسیستی سۆسیال دیموکراتیی ئەڵمانی، ئۆگۆست بیبل ناو لەم ڕەوتەی ناو چەپ دەنێت «سۆسیالیزمی گەمژەکان» (Sozialismus des dummen Kerls)[٢٢]. لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی زایۆنیستیدا وەک بزووتنەوەیەک

بــۆ دامەزراندنی دەوڵەتــی نەتەوەیی جوو لە فەڵەستین، مارکسیســتە ئەڵمانییەکان دژی بزووتنەوەکە دەوەستنەوە، بەتایبەت لەنێویاندا کارل کاوتسکی. هەڵبەت ناتوانین ڕەخنەکانی کاوتسکی وەک دژە-ســامی لەقەڵەم بدەین، بەڵام ڕەخنە کلاســیکەکانی ئەو ئەمڕۆ لەنێو چەپدا دووبارە ســەریان هەڵداوەتەوە، کە لە زمانی دژە-زایۆنیســتی و دژە-ئیســرائیلیی خۆیــدا جیاوازییەکی ئەوتــۆی لەگەڵ زمانی ڕاستڕەوەکان و ئیسلامییەکاندا نییە.

ئەگــەر زۆر کورتتــر بنچینەکانــی ئەنتیسێمیتیزمی چەپ هەڵ بدەینەوە، دەبێت بڵێین بەگشتی خۆی لەژێر ناوی ڕەخنەگرتن لە سەرمایەداری و ئیمپریالیزمدا دەر دەخات. وەک چۆن لە ســەدەی نۆزدەدا بزووتنەوەی کۆمۆنیســتیی جووەکانــی وەک هێماکانــی سەرمایەداریی بۆرژوازی دەبینی، بەتایبەت لە ئەورووپا، کە جووەکان ڕۆڵیان لە ســەرمایەی داراییدا هەبــووە. ئەمەش وای کرد جووەکان وەک ســەرمایەدارانی چاوچنــۆک ببینرێن، لەنــاو بزووتنەوەیەکدا کــە وا دەر دەکەوت دژی ڕاســیزم و جیاکاری بێت: بزووتنەوەی کۆمۆنیســتی. لە ڕۆژگاری هاوچەرخیشــدا، ئەنتیســێمیتیزمی چەپڕەو، بەگشــتی خۆی لەژێر ناوی ڕەخنە لە ئیســرائیل و زایۆنیزمدا دەر دەخــات. لەکاتێکدا دەبێت جەخت لەوە بکەینەوە کە ڕەخنەگرتن لە سیاســەتەکانی حکومەتی ئیســرائیلی بە ڕەهایــی ڕەوایە و دژە-ســامییانە نییە، وەک چۆن ڕەخنەگرتن لــە سیاســەتە حکومییەکانــی دەوڵەتانــی دیکەش ڕەوایە، بەڵام بەگشــتی ئەمڕۆ چەپ لە خۆیەکخســتن و خۆیەکسانکردنی لەگەڵ بزووتنەوەی فەڵەستینیدا زمانێکی قڕکارانەی ڕاستڕەوەکانی هەڵگرتووەتەوە لە لە ڕەوایەتی خستنی دەوڵەتی ئیســرائیل و بینینی وەک «تەنهــا دەوڵەتی خراپەکار»ی ســەر زەوی و «هەڕەشە لەسەر ئاشتیی جیهانی»[۲۳].

ڕەخنــەی چــەپ لــە ئیســرائیل تەنها لە ئاســتی ڕەخنەدا نەوەســتاوەتەوە، بەڵکو پەڕیوەتــەوە بۆ خۆڕێکخســتنی ســەربازی و میلیشــیاییش بەرانبــەر بە ئیســرائیل و جــووەکان تا دەگاتە ڕفانــدن و تیرۆرکردنی جووەکان لە ئەڵمانیای خۆراوا. بۆ ڕەوایەتیدان بەمەش، چەپی ئەنتی-ئیمپریالیست و ئەنتی-کۆلۆنیال ئیسرائیل وەک پرۆژەیەکی چێنراوی کۆلۆنیالیســتیی ئیمپریالیزمــی خۆراوایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینێت و خۆبەخۆش جووەکان دەبنە چەوسێنەرانی سەرمایەداریی جیهانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا. لەمەشدا چەپ جووەکان وەک یەکەیەکی کۆلەکتیڤ و کۆیی دەبینێت و دەیانکاتە بەرپرسی سیاسەتە حکومییەکان و هــاوکات دەیانکاتە دەرەوەی بــوار و بزووتنــەوە پێشــکەوتووخوازەکانەوە. ئەمڕۆ جووەکان شوێنی نازییەکان و ئیسرائیل شــوێنی ئەڵمانیای نازی و نەتانیاهو شوێنی هیتلــەری گرتووەتەوە. لەم هێرشانەشــدا بۆ ســەر ئیســرائیل، لە دوای ۱۹۶۷ەوە چەپ چووەتە پاڵ هەموو ئــەو هێزانەی ئامانجیان لەناوبردنی ئیســرائیل بووە، لــە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەڵەســتینییەوە بۆ حەماس و حزبوڵا، لە حزبی بەعس و سەدام حوسێنەوە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران.

## سێ: ئەنتیسێمیتیزمی ئیسلامی

لەگەڵ ســەرهەڵدانی ئیسلامیزمی سیاسیی ڕادیــکاڵ لــەم ســێ دەیــەی ڕابــردوودا ئەنتیسێمیتیزم پلاتفۆرمێکی دیکەی بەفراوانی بەجیهانیکراو و هێرشبەری وەرگرتووە، یاخود بوارێکی دووەمی سیاســیی سەروو-نەتەوەیی لە جیهانی هاوچەرخدا. ئیسلامیزمی ڕادیکاڵ لە ئایدیالەکانی خۆیدا هاوبەشە لەگەڵ بەرەی ڕاســتڕەوی ڕادیکاڵی ئێتنۆ-شۆڤینیســت، لە ستایشکردن و پیرۆزکردن و شکۆمەندکردنی ڕێکخســتنی دەســەڵاتخوازانەی نالیبــراڵ، نۆســتالژیا و تاســەی بەتین بۆ ناسنامەیەکی کۆیــی پاککراوە کە ڕزگاریــی خۆی تەنها لە

ڕێگەی لەناوبردنی توندوتیژانەی هەموو ئەوانە دەبینێتەوە کە ئیسلامیزم وەک دوژمن لەقەڵەمیان دەدات؛ و لێرەدا ئەنتیسێمیتیزمی ئیسلامی دەر دەکەوێت[٢٤]. ئەم فۆرمە تازەیەی ئەنتیسێمیتیزم لە جیهانی ئیسلامیدا فۆرمێکی هاوردەکراوی پروپاگەندەی نازیزمە، بەڵام هاوکات ڕادیکاڵیزەکردنی زیاتری دژە-جووایەتیی نێو ئیسلام، قورئان و حەدیسە و هەروەها خوێندنەوەی هەڵبژاردەیە بۆ قورئان و حەدیس. بەو مانایە وەک چۆن ئەنتیسێمیتیزم لەگەڵ سیکۆلاریزەبوونی کۆمەڵگاکان لە ئەورووپا، ئەویش سیکۆلاریزە دەبێت، ئەنتیسێمیتیزم بە هەمان شێوە لە جیهانی ئیسلامیدا لە فۆرمی کلاسیکی دژە-جووایەتیی موسڵمانانەوە بەرەو ئەو شتە دەڕوات کە من پێی دەڵێم «ئیسلامیزەکردنی ئەنتیسێمیتیزم».

زۆرێک پێیان وایە ئەم فۆرمە توندڕەوە ئیسلامییەی ئەمڕۆ بەرانبەر بە جووەکان هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل و شکستی جیهانی عەرەبی لە جەنگدا بەرانبەر بە ئیسرائیل. لە نەریتی کۆنی ئیسلامیدا موسڵمانان براوە بوون و محەممەدی پەیامبەری ئیسلام هۆزە جووەکانی لە مەدینە بەزاند و وەدەری نان و کوشتاری بەکۆمەڵی تێدا کردن. ئەمەش بووە گێڕانەوەی باڵادەست لە جیهانی ئیسلامیدا کە جووەکان لە خوارەوەی موسڵمانانەوەن، بەڵام شکستی شەش ڕۆژەی وڵاتانی عەرەبی بەرانبەر بە ئیسرائیل، سەرتاپای ئەم وێنەیەی هەڵگەڕاندەوە. ئێستا جیهانی عەرەبی-ئیسلامی لە شۆکی ئەوەدا دەژیت چۆن گەلێکی بچکۆلەی ٧ ملیۆنی و وڵاتێکی بچکۆلەی وەک ئیسرائیل بتوانێت سەدان ملیۆن موسڵمان و وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی یەک بەدوای یەکدا بشکێنێت. لێرەدا جووەکان ئیتر فۆرمی فیتنە و پیلانگێڕی وەردەگرن، نەک وەک پاڵنەری ئەنتیسێمیتیزم بەڵکو وەک میکانیزمێکی قەرەبووکردنەوەی دەروونییش بەرانبەر بە دۆڕانی موسڵمانان لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەوڵەتی جوودا. هەموو ئەمانە تا ئێرە ڕاستن. بزووتنەوەی ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە جووەکانی وەک داهێنەری مۆدێرنیتە، سەرمایەداری، لیبراڵیزم و کۆمەڵگەی کراوە دەبینی. زۆر پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، کۆچی جووەکان بۆ فەڵەستین و کاردانەوەی ئیسلامییەکان بەر لەوەی کاردانەوەیەکی نەتەوەیی بێت، کاردانەوەی نەریت و مۆدێرنیتە بووە. ئەمین ئەلحوسەینی، موفتی گەورەی یوریشەلایم کە دواتر دەبێتە هاوپەیمانی سەرەکیی هیتلەر و ڕابەری سوپای موسڵمانانی نازی، لە کۆتاییی بیستەکان و لە بڵندگۆی مزگەوتەکاندا بە ڕاشکاوی باس لەوە دەکات کە هاتنی جووەکان بۆ ناوچەکە و هەبوونی کچانی تەنوورەلەبەر دەبێتە هۆی تێکدانی ئەخلاق و مۆراڵی لاوەکانمان و لاوازبوونی هەستی ئایینی و لاوازبوونی جیهاد و خووگرتن بە ژیانی مەدەنییەوە، واتا لەبری خۆشویستنی مەرگ و جیهاد لەپێناو خوادا لاوانی موسڵمان لەسەر دەستی جووەکان فێری خۆشی و خۆشویستنی ژیان دەبن و دەستبەرداری جیهاد دەبن. بۆ نموونە لە یادەوەرییەکانیدا لەنێوان ١٩٣٩-١٩٤٥ (واتا سەردەمی هاریکاری لەگەڵ نازی) ئەلحوسەینی بەڕاشکاوی ساڵی ١٩٣٣ بە کونسوڵی ئەڵمانی لە یوریشەلایم، پشتیوانیی خۆی بۆ نازییەکان دەر دەبڕێت و دەڵێت ئێمەش هاوشێوەی ئێوە دژی دیموکراسین[٢٥]. هەروەها لە نامەیەکیدا بۆ فرانتز فۆن پاپن، پێش هیتلەر ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و ئێستا کونسوڵی ئەڵمانیای نازی لە تورکیا، ئەلحوسەینی پشتیوانیی موسڵمانان لە فەڵەستین بۆ جەنگی ئەڵمانەکان و خەبات دژی دیموکراسیی دەر دەبڕێت و دەڵێت زۆر پێش ئێوە، ئێمە لە فەڵەستین جەنگمان «دژی دیموکراسییەکان و جووی جیهانی» بەگەڕ خستووە[٢٦].

لێرەدا بۆمان دەر دەکەوێت جەنگی موسڵمانەکان دژی جووەکان زۆر پێش دەوڵەتی ئیسرائیل، هیچ پەیوەندییەکی بەو شتەوە نییە کە پێی دەگوترێت ململانێی ئیسرائیل-فەڵەستین. سەید قوتب، ڕابەری سەرەکیی ئایدیۆلۆژیی ئیخوان موسلمین، لە نامیلکە بەناوبانگەکەیدا بەناوی «خەباتی ئێمە دژی جووەکان» (١٩٥٠) جگە لەوەی سەدانجار وشەسازیی هیتلەر دووبارە دەکاتەوە و ستایشی هیتلەر دەکات، ئەنتیسێمیتیزم زیاتر ڕادیکاڵیزە و ئیسلامیزە دەکات و دەنووسێت:

*«جووەکان بەردەوامن لە پیلانگێڕیی دژی ئیسلام و کۆمەڵی موسڵمانان لە ڕۆژگاری سەرهەڵدانی ئیسلامەوە... لە مێژووی نوێدا جووەکان لە پشتی هەموو ئەو کارەساتانەوەن بەسەر کۆمەڵی موسڵماناندا لە هەموو قوژبنێکی دونیادا باریوە»*[٢٧].

لای قوتب هاتنی ئایدیاکانی هەرسێ بیرمەند: کارل مارکس، زیگموند فرۆید و ئێمیل دۆرکهایم، سێ بیرمەندی بە ڕیشە جوو، بۆ جیهانی ئیسلامی، نیشانەی پیلانگێڕیی جووەکانە دژی کۆمەڵی ئیسلامی، مارکس وەک تێکدەری سیستەمی خێزان، فرۆید وەک ئاوەژووکردنەوەی پەیوەندییە سێکسوالییەکان و دۆرکهایمیش وەک لەناوبەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگاییەکان. هەرسێ بیرمەند بەشێوەی نهێنی لەلایەن تۆڕی جووەکانەوە بە یارمەتیی موسڵمانانی مێشک کۆنترۆڵکراو لەلایەن جووەکانەوە، هێنراونەتە جیهانی ئیسلامی تا هەم باوەڕی ئیسلامی لەناو بەرن و هەم کۆمەڵێک سەرکردەی بەناو موسڵمان لە لوتکەی دەسەڵاتی جیهانی ئیسلامی دابنێن بۆ ئەوەی خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی جووی جیهانی بکات.

لێرەشدا دەبینین ئەوەی پێی دەگوترێت سەرهەڵدانی ئەنتیسێمیتیزم لە جیهانی ئیسلامیدا پەیوەندی بە ململانێی ئیسرائیل-فەڵەستینەوە هەیە، دوورە لە ڕاستییەوە. با نموونەیەکی دیکە بهێنینەوە: شێخی سەلەفی، محەممەد حوسەین یەعقوب، بانگخوازی سەلەفیی ئیسلامی، خەڵکی میسر زۆر ڕاشکاوتر لە ئەوانی دیکە باس لەوە دەکات کە ڕق و کینەی ئیسلامییەکان بەرانبەر بە جووەکان هیچ پەیوەندییەکی بە ئیسرائیلەوە نییە:

*«ئەگەر جووەکان واز لە فەڵەستین بهێنن و بۆ ئێمەی بەجێ بهێڵن، ئایا ئێمە ئیتر ئەوانمان خۆش دەوێت؟ بێگومان نەخێر. هەرگیز جووەکانمان خۆش ناوێن. بە ڕەهایی نەخێر. جووەکان کافرن — نەک لەبەرئەوەی من وا دەڵێم، و نەک لەبەرئەوەی ئەوان موسڵمانان دەکوژن، بەڵکو لەبەرئەوەی... ئەوە ئەڵڵایە دەڵێت ئەوان کافرن... بیروباوەڕتان بەرانبەر جووەکان سەرەتا دەبێت، یەکەم ئەوان کافرن و دووەم ئەوان دوژمنن. ئەوان دوژمنی ئێمەن نەک لەبەرئەوەی فەڵەستینیان داگیر کردووە. ئەوان هەر دوژمنمانن و هەر دوژمن دەمێننەوە تەنانەت ئەگەر هیچ شتێکیش داگیر نەکەن... جەنگی ئێمە دژی جووەکان جەنگێکی ئەبەدییە، و ئەم جەنگەش هەرگیز کۆتایی نایەت تا دوایین جەنگ...، تا ئەو کاتەی یەک جوو لەسەر زەوی نامێنێت... هۆ ئێوەی جوو، نەفرەتی خواتان لێ بێت، ئێوەی بەرازی سەر زەوی»*[٢٨].

هەروەها لەنێو جیهانی ئیسلامیدا، نووسین و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە جووەکان بە ستایلی هیتلەر ئێجگار باڵادەستە. بۆ نموونە کتێبی

«گەلی ئیسرائیل لە قورئان و حەدیس»دا لە نووسینی شێخ محەممەد سەید تەنتاوی، سەرۆکی زانکۆی ئەلئەزهەری میسر، سەرەکیترین دامەزراوەی ڕۆحیی ئیسلامی سوننی، کە نامەی دکتۆراکەیەتی لە ساڵی ۱۹۶۷دا و لە ۱۹۹۷دا چاپ بووە، دەڵێت جووەکان لە پشتی هەموو شۆڕشەکانەوە بوون. بۆ نموونە شۆڕشی فەرەنسیی ۱۷۸۹ و شۆڕشی بەلشەڤیی ۱۹۱۷. تەنانەت لە کتێبەکەیدا گوتە لە خەباتی منی هیتلەر دەگوازێتەوە «لە دژایەتیکردنی جووەکاندا من فەرمانی خوا جێبەجێ دەکەم». تەنتاوی هەروەها لە کتێبەکەیدا ستایشی تۆمارنامەکانی سەرانی زایۆن دەکات کە هەموو نهێنیی جووەکانی بۆ دەر خستوون و خۆشحاڵانە دەنووسێت «دوای بڵاوبوونەوەی تۆمارنامەکان لە ڕووسیا ۱۰ هەزار جوو کوژران»[۲۹].

بەکورتی، ئیسلامیزم لە ڕووبەڕووبوونەوەی جوودا جیهادی ئیسلامی، هاوشێوەی نازیزم هەوڵێکە بۆ کۆنترۆڵی جیهان و ئەنجامدانی دوایین خەبات دژی جوو. بۆ نموونە کاتێک ۱۱ی سێپتێمبەر ڕووی دا، دوو لە ئەنجامدەران و ڕێکخەرانی کردەوە تیرۆریستییەکە لە ئەڵمانیا، لە شاری هامبورگ جگە لەوەی لە دادگای هامبورگ لە ساڵی ۲۰۰۲دا دان بەوەدا دەنێن کە زۆر شت لە نازیزمی ئەڵمانییەوە فێر بوون و هیتلەر مرۆڤێکی مەزن بووە بۆ جیهانی ئیسلامی، هەردوو تیرۆریست، محەممەد عەتا و مونیر ئەلموسەدەق دان بەوەدا دەنێن کە «نیویۆرک وەک سەنتەری جووی جیهانی» دەبینن و هەڵبژاردنی نیویۆرک بۆ هێرشەکانیان، هێرشکردنە سەر جووی جیهانی و ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی بووە لە جووەکان[۳۰]. گوتاری قڕکردنی جووەکان لەلایەن نازییەکانەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەهێزتر دەبێت. بۆ نموونە پڕوپاگەندەی نازی لە ۱۹۳۹ تا ۱۹۴۵ لە بەرلینەوە بۆ جیهانی عەرەبی، هەمیشە هاندانی عەرەب و موسڵمانان بووە بۆ نەهێشتنی ڕەگوڕیشەی جووەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا حەماس، حزبوڵا، حوسییەکان و لەگەڵیدا ئێران، هەروەها کۆمەڵگەی ئیسلامیستی تورکی و سەرجەمی بزووتنەوە ئیسلامییە شیعە و سوننەکان، بۆ نموونە داعش، ئامانجیان قڕکردنی جووەکان و نەهێشتنی ئیسرائیلە لەسەر نەخشەی زەوی. تەنانەت بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران، بەدانپێدانانی ئەحمەدینەژاد، بۆ هەبوونی چەکی بەهێزە بۆ لەناوبردنی یەکجارەکیی ئیسرائیل. ساڵی ۲۰۰۵ لە تاران کۆنفرانسی ڕەتکردنەوە و بەدرۆخستنەوەی هۆلۆکۆست بە سەرپەرشتیی ئەحمەدینەژاد دەبەسترێت. هۆلۆکۆست بەدرۆ بخرێتەوە، واتا ئیسرائیل لە ڕەوایەت دەکەوێت. ساڵی ۲۰۰۱ عەلی ئەکبەر ڕەفسەنجانی بۆ یەکەم جار بە ئاشکرا ئاماژە بە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران دەکات کە بە یەک چەکی ئەتۆمی سەرجەمی ئیسرائیل وێران دەکەن[۳۱]. گوتاری وێرانکردن و سڕینەوەی ئیسرائیل گوتاری فەرمیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ. ئێستا ئەگەر بپرسین، هۆکار چییە ئێران دەیەوێت ئیسرائیل لەناو بەرێت، لەکاتێکدا هیچ سنوورێکی ناکۆکی لەگەڵ ئیسرائیل و هەروەها کێشەی کۆچبەر و پەنابەری فەلەستینیشی نییە؟ وەڵام: ئەنتیسێمتیزمی ئیسلامی. خوێنەری ئەم نووسینە باش ئاگای لەوەیە تەنانەت هەر ناکۆکی و نارەزایەتییەکی ناوخۆی ئێران و کوردستان بە «ڕژێمی زایۆنیستیی»یەوە دەبەسترێتەوە. تەنانەت عەلی خامنەیی لە تویتێکدا، شۆڕشی ژیناش بە فیتی زایۆنیزم ناو دەبات.

## کوردستان و ئیسرائیل: ڕیفراندۆم و حەوتی ئۆکتۆبەر

ئێستا، دوای گەشتێکی کورتی بەسەرکردنەوەی فەنتازیا پیلانگێڕییەکان و ئەنتیسێمیتیزم

له ئاست و ڕەهەندە سیاسی و کولتوورییە جۆراوجۆرەکانیدا، جێی خۆیەتی ئاوڕ لەو تێزە بدەمەوە کە ماوەیەکە کاری لەسەر دەکەم: بەناویەکداچوونی ئەنتیسێمیتیزم و ئەنتیکوردیزم. بۆ یەکەم جار ئەم تێزەم لە وتارێکمدا بە زمانی ئەڵمانی، بەناوی «هاوپەیمانیی ناپیرۆز: هاوپەیمانیی نێوان چەپ، پۆستکۆلۆنیال و ئیسلامیستەکان»[٣٢] ڕاستەوخۆ دوای هێرشی تیرۆریستیی حەماس بۆسەر خەڵکی مەدەنیی ئیسرائیل لە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣دا پەرە پێدا. ئەمەش دوای ماوەیەک ڕامان و وردبوونەوە لە بەناویەکداچوونی گوتاری ئیسلامیزم، پۆستکۆلۆنیالیزم و چەپ و لە زۆر شوێندا یەکگرتنەوەی لەگەڵ گوتاری ڕاست، هەوڵم دا وەڵامی ئەم پرسیارە بدۆزمەوە: وێنەی کورد چییە؟ پاشان لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٤ و لە کتێبێکی دیکەی هاوبەشدا بە ئەڵمانی بەناوی «٧ی ئۆکتۆبەری بیست و سێ: دژە-زایۆنیزم و سیاسەتی ناسنامە»[٣٣] لە بەشێکدا دەربارەی «کۆتاییی سەردەمی دژە-ڕاسیزم» و ڕووداوە پەیوەستەکان بە بزووتنەوەی چەپ و فەڵەستینی و هەروەها هێرشی ڕاسترەوە تورک و ئیسلامیستەکان بۆسەر کۆچبەرانی کورد و بێدەنگبوونی بەرەی دژە-ڕاسیزم، زیاتر ئەم تێزەم فراوان کرد. ئەوەی جێگەی خۆشحاڵی بوو زوو لە ئاستێکی فراواندا پێشوازی لێکرا، لە پەیمانگای تەل ئەڤیڤەوە بۆ ناوەندە ئەکادیمییەکانی ئەڵمانیا و تا ئەم دواییانەش بۆ زانکۆی واشینگتن و پەیمانگای پاول پیکۆل تیلۆس و وەرگێڕانی وتارەکە بۆ ئینگلیزی[٣٤]. لێرەدا بەباشی دەزانم بە زمانی کوردی هەڵوەستە لەسەر ئەم پرسە و تێزەکانی بکەم.

لەم تێزەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم هۆکار چییە لە بزووتنەوەی ئیسلامییەوە (ئیخوان موسلمین) بۆ پانعەرەبیزم و تەنانەت بۆ ڕاست و چەپی ئێرانی، ناسیۆنالیزم و بزووتنەوەی دژە-ئیمپریالیستیی تورکی، هەمیشە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان دەبەستنەوە بە زایۆنیزمەوە، یاخود بە جووەوە؟ مێژووی ئەم دوو سەد ساڵە پیشانی داوە کە هەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان بزووتنەوەیەکی خۆجێیی و لەسەر خاکی خۆی بووە و هەمیش وشیاری و هەوڵی داڕشتنەوەی ناسنامەی نەتەوەییی کورد تەنانەت زۆر پێش سەرهەڵدانی زایۆنیزم دەکەوێت. زایۆنیزم بزووتنەوەی زیندووکردنەوە و گەڕاندنەوەی جووەکانە بۆسەر خاکی مێژوویی فەڵەستین کە دوای ڕووخانی پەرستگای زایۆن یاخود پاشایەتیی دووەمی یەهودا، لەسەر دەستی ڕۆمانەکان، لە ساڵی ٧٠ی زایینیدا، جووەکان ئاوارە بوون و بەدونیادا بڵاو بوونەوە. بەپێچەوانەوە، لەگەڵ سەرهەڵدانی ئایدیا و ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم و هەوڵ بۆ داڕشتنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد، هەمیشە لەسەر خاکی خۆی بووە و لەناو دڵی کۆمەڵگەشەوە لەدایک بووە. لەگەڵ ئەوەی نزیکەی سەد ساڵ بەشێوەی پچڕ پچڕ خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد هەیە و لە ڕووی ڕۆشنبیریشەوە نزیکەی چوارسەد ساڵ لە ئەحمەدی خانییەوە بۆ مەلای جزیری و فەقێ تەیران و نالی و پاشان حاجی قادری کۆیی، هێشتا ئایدیا و بیرۆکەی دەوڵەتی جوو و زایۆنیزم بە خەیاڵی هیچ جوویەکدا نەهاتووە. زۆریش بە درەنگەوە زایۆنیستەکان دەگەنە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەگشتی ئامادەیی و تەرکیزی زایۆنیستەکان لەسەر فەڵەستین بووە و یەکەم ئامادەبوون و تێبینیکردنی زایۆنیستەکان لە ئێستای باشووری کوردستاندا، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٣، بەڵام ئەم سەردەمە سەردەمی پێکدادانە ئایدیۆلۆژییەکان بووە و زایۆنیستەکانیش بۆ ئەوەی فەنتازیای پیلانگێڕی پێی دەڵێت، لەوێ نەبوون بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، کە هێشتا دەوڵەتی ئیسرائیل بوونی نەبووە، بەڵکو زیاتر بۆ هاندانی کۆچی جووەکان بووە

و ژمارەی هەبوونی زایۆنیستەکانیش لەوێ لە پەنجەی دەست تێ نەپەڕیوە[٣٥].

بەو جۆرەی پێشتر بینیمان ئامادەییی جووەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بووەتە هۆی هەوڵی قڕکردنی بەردەوام و سەرهەڵدانی دەیان فۆرمی ئەنتیسێمیتیزم لە ئیسلامیزمەوە بۆ بەعسیزم و بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی. بۆ یەکەم جار جەمال ئەلحوسەینی، برای ئەمین ئەلحوسەینی، دامەزرێنەر و سکرتێری گشتیی کۆمیتەی جێبەجێکاری کۆنگرەی عەرەبی فەڵەستینی و سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای موسڵمانان، لە وتارێکی بەناوبانگیدا لە لەندەن و پاشان لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست «چوونیەک لە ڕەگەزدا» (homogeneity in race) بۆ جیهانی عەرەب دەبینێت[٣٦] و دەڵێت ناوچەکە لە ڕووی ڕەگەزییەوە چوونیەکە بۆ نەتەوەی عەرەب و بە بۆچوونی ئەو هەبوونی دەوڵەتێکی جوو لە ناوچەی «ڕەگەزییانە چوونیەک»ی نەتەوەی عەرەب، شێواندنی ڕەسەنێتی و یەکدەستبوون و چوونیەکبوونی نەتەوەی عەرەب و پاشان هەڕەشەیە لەسەر ئایینی ئیسلام و دروستکردنی ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی فرەچەشن و فرەئاراستەیە و ئەمەش واتا ئاوابوون و نەمانی نەتەوەی عەرەب و ئیسلام. جەمال ئەلحوسەینی، لەگەڵ ئەوەی سەرۆکی باڵای ئەنجومەنی موسڵمانان بووە، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بزووتنەوەی بەعس هەبووە.

ئەوەی لێرەدا و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرسوڕهێنەرە، بەناویەکداچوونی ئایدیۆلۆژییە جۆراوجۆرەکانە: ئیخوان موسلمین لە میسرەوە بۆ بزووتنەوەی ئیسلامیی فەڵەستینی، پاشان بۆ حەماس، (وەک لە بەڵگەنامەی دامەزراندنی حەماس لە ١٩٨٧دا بەندی دووەم هاتووە: «لەم بەڵگەنامەیەدا حەماس خۆی وەک ‹بزووتنەوەیەکی جیهانی› و ‹یەکێک لە لقەکانی ئیخوان موسلمین لە فەڵەستین› پێناسە دەکات»)[٣٧] تا دەگاتە داعش (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام)، بۆ بەعسیزم وەک بزووتنەوەیەکی ناسیۆنال-سۆسیالیستیی جیهانی عەرەبی، بەتایبەت لە عێراق و سوریا تا دەگاتە حزبە کۆمۆنیستییەکانی عێراق و چەپی ئێرانی و تورکی. ئەم بزووتنەوانە هەمووی لەسەر خاڵێک کۆکن: زایۆنیزم یارمەتیی کوردەکان دەدات بگەن بە دەوڵەت.

یەکەم جار بەعسییەکان ڕاستەوخۆ باسی هاریکاریی زایۆنیزم بۆ کورد دەکەن. عەبدولعەزیز ئەلعوقەیلی، وەزیری بەرگریی عێراق لە ساڵی ١٩٦٦دا هەوڵی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەچوێنێت بە «دووەم ئیسرائیل» لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەروەها بانگەشەی ئەوەش دەکات «خۆراواییەکان و خۆرهەڵاتییەکان پشتیوانی لە یاخیبووان[ی کورد] دەکەن بۆ دامەزراندنی ئیسرائیلێکی نوێ لە باکووری نیشتمان [مەبەست باشووری کوردستان، پ.] وەک ئەوەی لە ١٩٤٨ کاتێک ئیسرائیلیان دروست کرد، ئەنجامیان دا. وەک بڵێیت مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە»[٣٨]. هەروەها بە ڕاشکاوی هەوڵی کورد بۆ نەتوانەوە و مانەوە وەک کورد، وەک جۆرێک لە ئایدیۆلۆژیای چێنراوی زایۆنیستی-جوویی دەبینێت کە ئامانج لە ڕێگەی کوردستانەوە گەیشتنەوەیە بە ڕووباری فورات و ئیسرائیلی گەورە، بەو جۆرەی ئەو دەڵێت لە تەلمود و تەوراتدا هاتووە. ئایدیۆلۆژیای بەعس لەسەر بنەمای «یەکێتیی نەتەوە و نیشتمانی عەرەبی» دامەزرا بوو. بەڵام ئیسلام بڕبڕەی نیشتمان و یەکێتیی نەتەوەی عەرەبی بوو. بۆ نموونە میشێل عەفلەق، دامەزرێنەری بەعسیزم، بیرمەندی سۆسیالیست-ناسیۆنالیستی سوری، بە ڕیشە مەسیحی، دەرچووی زانکۆکانی پاریس و بەرلین لە سەردەمی نازیزمدا، لە کتێبەکەی ساڵی ١٩٤٣ی خۆیدا بەناوی «یادکردنەوەی محەممەد، پەیامبەری عەرەب» دەنووسێت:

*«بە سروشت هیچ مرۆڤێک، جا چەندەش مەزن بێت توانای ئەوەی نییە بەو شتە بگات محەممەد پێی گەیشتبوو... محەممەد بەدیهێنەری نەتەوەی عەرەبە»... «لەبەرئەوە تا ئەو کاتەی پەیوەندیی نێوان ئیسلام و عەرەبیزم بەهێز بێت، دەبێت ئێمە هەمیشە بڵێین عەرەبیزم وەک جەستە و پەیکەرە شوێنی ڕۆحی ئیسلامە. نابێت هەرگیز ترسمان لەوە هەبێت کە عەرەبەکان لە ناسیۆنالیزمەکەیاندا توندڕەو و پەرگیز بن... دەبێت بڵێین عەرەبەکان هەرگیز ناتوانن ئەرکێکی وەهای بەهێزبوون ئەنجام بدەن تاوەکو نەتوانن وەک نەتەوەیەکی بەهێز دەر بکەونەوە و زیندوو ببنەوە. یەکەم ئەرک و فەرمانی مرۆڤگەرییانەی ئیسلام ئەوەیە: عەرەبەکان دەبێت بەهێز بن و سەروەرانی نیشتمانی خۆیان بن»*[٣٩].

میشێل عەفلەق بە هەمان شێوە، ئەگەرچی کەمترین قسەی لەسەر کورد کردووە و تەنها لە یەک وتاریدا نەبێت بەناوی «پرسی کورد و شۆڕشی عەرەبی» لە ساڵی ١٩٦٩دا، نکوڵی لە بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد ناکات، بەڵام تەنها تا ئەو شوێنە ڕەوایە بەشێک بێت لە شۆڕشی عەرەبی «بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد بەشێکی ڕەوا و ڕاستەقینەی شۆڕشی عەرەبییە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم، دژی چەوساندنەوەی چینایەتی، دواکەوتوویی و دابەشکردن». بەڵام هەر زوو باس لەوە دەکات کە زایۆنیزم دەیەوێت بزووتنەوەی نەتەوەییی کوردی لە شۆڕشی عەرەبی دوور بخاتەوە و بیخاتە باوەشی چینی فیودال و بەکورتی، کورد لە خەباتی دژە-ئیمپریالیستیی و دژە-زایۆنیستییی دوور بخاتەوە[٤٠]. پاشان بە فراوانی گوتاری بەعس بەتایبەت لە عێراق دەگۆڕێت بۆ بینینی کورد وەک یەکەیەکی زایۆنیستیی. شکستی بەعس لە تواندنەوە و ئاسیمیلەکردنی کورد لە عێراق، دەبێتە دەرەنجامی گرتنەبەری کردەی جینۆساید کە لە هەڵەبجە و پاشان لە ئەنفالدا دەگاتە لوتکە. لە سەرجەمی گوتاری بەعسدا وەک بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕیی دژە-ئیمپریالیست و دژە-زایۆنیست، هەموو جووڵەیەکی خەباتی نەتەوەییی کورد، بە دابڕاو لە عەرەب، وەک لاوازکردنی یەکێتیی نەتەوەی عەرەب دەبینرێت و لەبەرئەوەش بەعس خۆی وەک گەڕاندنەوەی سەروەریی یەکێتیی نەتەوەییی عەرەب و نیشتمانی عەرەب دەبینی و بە ئەرکی مێژوویی خۆی دەبینی ئیسرائیل لەناو بەرێت، هەوڵی بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد بە پلەی یەک لە عێراق و بە ڕادەیەکی کەمتر لە سوریا، وەک ئەو هاریکارییە نهێنییەی جووەکان بۆ کوردەکان دەبینرا بۆ ئەوەی خەونی عەرەب لەگۆڕ بنێن و خەونی ئیسرائیلی مەزن بە بەکارهێنانی کورد، بەدی بهێنن.

گوتاری دژە-زایۆنیزم و بینینی کورد وەک سەربازێکی زایۆنیستی بە فراوانی دەپەڕێتەوە ناو داعش. دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام-یش بە هەمان شێوە لە منداڵدانی ئیخوان موسلمینەوە لەدایک بوو، بەڵام لە عێراق بە فراوانی بەجێماوانی سوپای بەعس، ئەفسەران و سەربازانی شارەزا لە گرتنی موسڵ، هێرش بۆسەر شەنگال و هەرێمی کوردستان، هاوکار بوون بە دوو هۆ: شارەزای جەنگی و میلیتاری و هەروەها شارەزای ناوچە لاوازەکان بۆ پرسی سەربازی. ئەگەر ئێمە تەنها سەیری کردەی داعش و هێرشی بۆسەر هەرێمی کوردستان و ڕۆژاڤا بکەین، و بەراوردی بکەین بە گوتاری ئایدیۆلۆژییان تێدەگەین، داعشیش هەڵگر و درێژەپێدەری هەمان میراتە لە گەشە و هەڵکشانی وشیاریی نەتەوەیی، خاک و پانتاییی کوردستان وەک یەکەیەکی زایۆنیستی. لە گۆڤاری دابقی داعشدا بە زمانی ئینگلیزی،

جگــە لەوەی بە ئاشــکرا دەڵێــت ئامانجیان گەڕاندنەوەی کــوردە بۆ نێو ناوچەکانی پێش ٢٠٠٣، لەبیری ناکەن پێشــمەرگە و گەریلا بە «شەڕڤانی زایۆنیستی» (Zionist Fighters) نــاو ببەن. لە هەر شــوێنێکدا ناوی هەرێمی کوردســتان، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشــتمانیی کوردستان بێت، وەک دوو حزبی سیکۆلار-مارکسیستی کاریگەر بە ئایدیۆلۆژیــای زایۆنیزم نــاو دەبرێن. تەنانەت پەکەکە، ئەگەرچی لــە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە وەک پارتێکی مارکسیست-لینینیســت و لە ڕووی پراکتیکیشــەوە لەگەڵ ئیســرائیل لە شــەڕدا بووە، هێشتا نابێتە هۆیەک بۆ داعش، پەکەکەش وەک بەکرێگیــراوی زایۆنیزم ناو نەبات. لەلای داعشیش هاوشێوەی حەماس، بەعسیزم و ئیخوان موســلمین، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیــی کورد لە کارگــەی زایۆنیزمدا دروســت دەکرێت بــۆ لەناوبردنــی جیهانی ئیسلامی و نەتــەوەی عەرەبی، ئامانجەکەش گەیشــتنە بە ئیســرائیلی گەورە لە ڕووباری نیلەوە بۆ ڕووباری فورات.

لە هەمووی سەرنجڕاکێشــتر دەرکەوتنی ئەم گوتارەیە لــە گوتاری ئایدیۆلۆژیی چەپی ئێرانیدا. پێشــتر لــە لێکۆڵینــەوە ئەڵمانی و ئینگلیزییەکەمدا بەوردی هەڵوەستەم لەسەر حەمید دەباشــی کردووە. دەباشی، نووسەری ئێرانی، خــۆی بە مێژوونووســی کولتووریی چــەپ و دژە-زایۆنی ناو دەبــات و دەکرێت بڵێیــن ڕادیکاڵتر لە بەعســیزم و لە گوتاری داعش، کوردســتان لە ڕەوایــەت دەخات و دەیخاتە باوەشــی زایۆنیزمەوە. لێرەدا هەوڵ دەدەم بە پوختــی جارێکی دیکە بگەڕێمەوە سەر ئەم پرسە. لە ســەروبەندی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستاندا، دەباشی لە ئەلجەزیرەی ئینگلیزی، وتارێک بەناوی «دەربارەی پرســی کــورد» دەنووســێت و بــەم جۆرە دەســت پێــدەکات: «دامەزراندنــی کوردســتانێکی سەربەخۆ کارەساتە بۆ هەموو گەلانی ناوچەکە، بە کورد خۆشــیانەوە»[٤١]. دەباشی بە هەمان شــێوە لە گوتاری ڕیتۆریکی دژە-خۆراواییی خۆیدا کــورد وەک نەتەوەیەکی ســەربەخۆ نابینێت، بەڵکــو وەک نەتەوەیەکی کۆچەری جیهــان -نیشــتمان، بــەڵام دروســتبوونی چەمکــی «کــورد» وەک دروســتکراوێکی زایۆنیســتی و کارگەی جووەکان دەبینێت و لێرەوە کورد دەبێتــە «دووەم جوو» (second jew) و دامەزراندنی کوردستان وەک «دووەم ئیســرائیلی کۆلۆنیالیزمــی نیشــتەجێکەر» بەنــاو دەکات. تەنانــەت هەوڵــی کــورد بۆ دامەزراندنــی دەوڵەتێکــی نەتەوەییی کورد وەک «بەئیســرائیلیکردنی جیهانی عەرەبیی و جیهانــی ئیسلامــی» لەقەڵــەم دەدات[٤٢]. لێــرەدا دەبینیــن چــۆن ئەنتیســێمیتیزم، ئەنتیکوردیزم و شــۆڤینیزم لە گوتاری چەپدا یــەک دەگرن[٤٣]. هەڵبەت هەمان دەباشــی، هەڵوەشــاندنەوەی دەوڵەتــی ئیســرائیل و دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبیی فەڵەستینی وەک چارەســەر و بنچینەی پرسی ئاشتی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینێت.

دەباشــی ئیســرائیل و زایۆنیــزم وەک دوژمنی بنچینەیــی فرەکولتووری و جیهان-نیشــتمانی دەبینێــت، هــەر لەبەرئەوەشــە ئیســرائیل دەیەوێت پشتیوانی لە دەوڵەتێکی کوردی بکات بــۆ لەناوبردنی فرەکولتووری و جیهان-نیشــتمانیی جیهانی عەرەبی، تورکی و ئێرانــی. دەباشــی بەزمانێکــی ڕەوانبێژانە بۆ ڕەوایەتیــدان بە بۆچوونە شۆڤینیســتی-دژە-ســامی دژە-کوردییەکــەی خۆی باس لەوە دەکات ئەو ئازاری کــوردەکان لەلایەن دەوڵەتــە حاکمەکانەوە چەشــتوویانە هەموو مافێکــی ئەخلاقیــان پێــدەدات داوای ئۆتۆنۆمی بکەن[٤٤]. لێرەدا دەباشــی پرســی کوردســتان بۆ ڕەوایەتییەکی ئەخلاقی کورت دەکاتــەوە، بەڵام ماف و ڕەوایەتییە سیاســی و قەڵەمڕەوییەکەی (تێریتۆریال واتا پرســی خاک)ی لێ وەردەگرێتــەوە. کورد تەنها ئەو

کاتە ئەخلاقییانە مافی هەیە داوای ئۆتۆنۆمی بکات، ئەگەر ئەوانی دیکە ئازاری بدەن. لێرەدا پرسی داگیرکاریی خاک لەلایەن ئێران، تورکیا و عێراق و سوریاوە بابەتی قسە لەسەر کردن نییە. ئەوەشمان نابێت بیر بچێت تەنانەت خودی ئەم هەستە ئەخلاقییەش دەکرێت زایۆنیزم لە کارگەکانی خۆیدا دروستیان بکات بۆ لەناوبردنی «پلورالیزمی دیموکراتی» لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئایا پلورالیزمی دیموکراتی کوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێتەوە وا جووەکان بە هاندانی کورد دەیانەوێت لەناوی بەرن بۆ حوکمی خۆیان بەسەر هەموو ناوچەکەدا؟ بەلای دەباشییەوە کورد لەبری جیابوونەوە دەبێت خەبات بۆ ئەم پرسە بکات، پرسی پلورالیزمی دیموکراتی و ئەم ئەگەر و توانایەش تەنها دەکرێت لەناو ئێران، عێراق، تورکیا و سوریادا هەبێت. ڕێک هەر چوار دەوڵەت کە هەر یەکەیان بەشێکی خاکی کوردستانیان داگیر کردووە.

بۆ زیاتر لە ڕەوایەتیخستنی پرسی کوردستان، پێشخستنی پرسی فەڵەستین و پەرەدان بە ئایدیۆلۆژیای زیاتری ئەنتیسێمیتیزم، دەباشی لەگەڵ ئەوەی ئیسرائیل بە دروستکراوێکی کۆلۆنیالیزمی ئەورووپی دەبینێت، بەڵام هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەگەر ئیسرائیل کۆلۆنیالیزمی ئەورووپی، بەتایبەت بریتانی دروستی کردبێت، کەواتە هیچ ڕەوایەتییەکی نییە، بەڵام عێراق و سوریاش کۆلۆنیالیزمی بریتانی و فەرەنسی دروستی کردن و تورکیاش هەر بە بڕیاری کۆلۆنیالیزمی بریتانی دروست بوو. بۆ ئەم دروستکراوە کۆلۆنیانە ناخرێنە ژێر پرسیارەوە و ڕەوایەتیان هەیە، بەڵام ئیسرائیل لە ڕەوایەتی دەکەوێت و لە ڕێگەی لە ڕەوایەتی خستنی ئیسرائیلەوە، ئامانج لە ڕەوایەتیخستنی خەباتی ڕزگاریخواز و سەربەخۆییخوازیی کوردستانە. هەرچۆنێک بێت، دەباشی زیندووبوونەوەی خەباتی فەڵەستینی وەک دەرفەتێک دژی کۆلۆنیالیزم بۆ هەموو گەلانی دونیا دەبینێت، تەنها لێرەشدا کوردی لێ بەدەر دەکات: «ڕاپەڕینی فەڵەستینی دژی داگیرکاریی کۆلۆنیالیستیی نیشتمانەکەیان بنچینە و سەرچاوەی هەموو بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە نەتەوەیییەکانە لە جیهاندا. وەک چۆن ئەورووپییەکان کۆلۆنییەکی نیشتەجێکەری زایۆنیستییان لە فەڵەستین چاند، بە هەمان شێوە ئەو کۆلۆنیالیستە ئەورووپییانە دەیانتوانی لە ناوچەکەدا کوردستانێکیش دروست بکەن»[٤٥]. بەڵام ئێستا کە بەرژەوەندیی زایۆنیستی لەوەدایە، کەواتە ئەو کوردستانە بۆ بەرژەوەندیی ئیسرائیلی مەزن و بەئیسرائیلیکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامی و تێکدانی ئێران و تورکیا، دروست دەکەن.

## هاوپشتی یان ئەنتیسێمیتیزم؟ چەپ، فەڵەستین و کوردستان

یەکێک لەو پرسیارانەی بەردەوام دەخرێتە ڕوو: چی وا دەکات چەپ، کە لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە سیکۆلار، ئەتایست و لە هەندێک بڕگەی مێژووییشدا دژی دامودەزگا دینییەکان بووە، ئێستا بە فراوانی پشتیوانیی بێمەرج لە هەموو بزووتنەوە فەڵەستینییەکان دەکات، تەنانەت بە خودی حەماسیشەوە؟ چۆن چەپ توانی پرسی فەڵەستین بە جیهانی بکات و ئامانجەکانی چی بوون لەم بابەتەدا؟ ئەی بۆ هەمان کار لەگەڵ پرسی کوردستاندا ناکات؟ چۆن چەپ هەوڵ دەدات کەمپینێکی گەورەی جیهانی وەک «BDS» (بایکۆست، لە سەرمایەگوزاری خستن، ئابڵوقە)ی ئیسرائیل دابمەزرێنێت، لە کاتێکدا بچووکترین ڕەخنەی بنچینەیی لە دەوڵەت-نەتەوەی تورکی، ئێرانی، سوری و عێراقی نییە و بگرە لە هەندێک قۆناغی مێژووییدا بووەتە هاوپەیمانی ئەم دەوڵەتانەش: شۆڕشی کۆماری ئیسلامی و سەدام حوسێن. ئەی

ئەگەر بڕیار بێت ئایدیۆلۆژیای چەپ واتا پشتیوانی لە گەلانی ژێردەستە و چەوساوە و پشتیوانی کردنیان لە خەباتیاندا بۆ ڕزگاری، ئەی چۆنە ئەم پشتیوانییە لە کورد ناکرێت؟ پرسیارێکی دیکە ئەمە دەبێت: ئایا ئەوان لە بنەڕەتەوە کورد وەک گەل و نەتەوەیەکی سەربەخۆ دەبینن، یاخود وەک چەوساوە و داگیرکراو سەیری دەکەن؟ بەڵێ لە هەندێک گوتاری ئایدیۆلۆژیای چەپدا ئێمە ئەمە بە ڕوونی دەبینین. لەگەڵ ئەوەشدا چەپی جیهانی لێرە و لەوێ داوای سەربەخۆیی کوردستانی کردووە، بەڵام هەرگیز ئەمە نەبووەتە هەمان ئەو پرەنسیپەی بۆ فەلەستین هەیەتی. وەڵامەکە لە دوو شوێندایە: بینینی ئیسرائیل وەک تەنها «دەوڵەتی خراپەکار»ی سەر زەوی کە چێنراوی ئیمپریالیزمە و بینینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک بەشێک لە بلۆکی باشووری جیهان، کە بە بلۆکی دژە-ئیمپریالیستی و دژە-کۆلۆنیالیستی دەبینرێت و هەر چوار دەوڵەتە سەرکوتکارەکەی کوردستانیش لەناو ئەم بلۆکەدان.

لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیدا و بەدیاریکراوی لە دەیەی ١٩٦٠دا چەپی جیهانی چاوی خۆی لەسەر سەرمایەدارییە خۆراواییەکان لا برد و ئێستا ڕووی کردووەتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. چەپ پێی وابوو چینی کرێکار لە خۆراوا ئاوێتەی سیستەمی سەرمایەداری بووە و کەواتە گەندەڵ بووە و توانای شۆڕشی نەماوە، ئێستا هێزە شۆڕشگێڕەکان لە جیهانی سێیەمدا (ئەمڕۆ باشووری جیهان) هەن و مەرجیش نییە کرێکار یان پرۆلیتاریا بن، دەکرێت ئیماندارێکی فەندەمێنتالیستی ئیسلامی بن. ئەمە یەکێک لە خاڵەکان، خاڵێکی دیکە ئەوە بوو ئیسرائیل وەک جەستەیەکی نامۆی چێنراوی ئیمپریالیزمی خۆراوا لەنێو دڵی باشووری جیهاندا چێنراوە بۆ لێکترازاندنی هێزە شۆڕشگێڕەکان. کەواتە مادام ئێستا نوێنەری ئیمپریالیزم لەو ناوچەیە هەیە و هێزێکی ئامادەش هەیە جیهاد بکات دژی هەبوونی دەوڵەتی جوو، بۆ چەپ هەوڵ نەدات سەرمایەداری لە ئەڵقە لاوازەکانی خۆیدا بشکێنێت؟ واتا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لێرەدا گوتاری چەپ بۆ دژایەتیکردنی ئیسرائیل لە گوتارێکی کۆنی لینینیستیی دژە-ئیمپریالیستییەوە دێت. تا دەیەی ١٩٦٨ کە چەپ بەتایبەت لە ئەڵمانیا هێشتا دەیویست شۆڕشگێڕانە «سەری ماری ئیمپریالیستی» ئیدانە بکات، کەوتبووە بەردەم مەتەڵێکەوە: قورس بوو بە «ویژدانە دژە-فاشیستییەکەیەوە» هێندە بەهێز دەهۆڵ بەتایبەت دژی ئیسرائیل بکوتێت کە خۆی وەک دەوڵەتی بەجێماوانی ئاوشڤیتز پێناسە دەکرد.

بەڵام لە دوای ١٩٦٨ەوە چەپ ئیتر ئەو ئەنتیسێمیتیزمە چەپێنراوەی هەیبوو، وردە وردە دەریخستەوە و تەنانەت کەوتە گومانکردنیش لە هۆلۆکۆست و ئاوشڤیتز. بۆ نموونە چەپی ئەڵمانی بەردەوام خۆی لەوە بەدوور دەکرد یادی ئاوشڤیتز وەک کردەوەیەکی تۆقێنەرانەی جینۆساید بکاتەوە. لە ١٩٧٩دا دوای بڵاوبوونەوەی زنجیرەفیلمی ئەمریکیی هۆلۆکۆست لە تەلەڤزیۆنی فەرمیی ئەڵمانی بە سەرکەوتنێکی گەورەوە، کە چیرۆکی قڕکردنی جووی دەگێڕایەوە، کۆمەڵەی کۆمۆنیستی ئەڵمانیای خۆراوا (Kommunistischer Bund West-deutschlands) ئەم فیلمەی تەنها وەک «پرۆپاگەندەی زایۆنیستی» لەقەڵەم دەدا[٤٦]. کۆمیتەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی کۆمەڵەکە لە هایدلبێرگ هۆشداری لە دژی «ئەم هەوڵە نهێنییە بۆ ڕەوایەتیدان بە سەری ماری ئیمپریالیستیی ئیسرائیل» دەدا[٤٧] - لای ئەوان پیلانگێڕیی ئیمپریالیستی-زایۆنیستی تا قووڵایی هۆلیوود ڕۆیشتووە.

لە دەیەی حەفتا و دەیەی هەشتادا، چەپی ئەورووپی بەشداریی کردەی تیرۆریستیی

دژی جـــووەکان و دژی دەوڵەتی ئیســـرائیلی دەکرد، لەوانە ئـــەوەی پێی دەگوترێت «خانە شۆڕشگێڕییەکان» لە ئەڵمانیا، هێڵی ئاسمانیی فەڕەنســـا لـــە ســـاڵی ١٩٧٦ دەرفێنێت و لە ئێنتێبەی ئۆگەنـــدا دەینیشـــێنێتەوە. دوای ئەوەی سەرنشـــینە ناجـــووەکان لە جووەکان جیـــا دەکاتەوە و ئازادیـــان دەکات، دەیەوێت ئیســـرائیل ناچار بکات گیراوانی فەڵەستینی ئازاد بـــکات. کاتێک هێزێکی مۆســـاد خۆی دەگەیەنێتە ئێنتێبە، و پێکدادان ڕوو دەدات، ســـەرجەمی جووە بەدیلگیـــراوەکان لەلایەن چەپـــی ئەڵمانییـــەوە تیرۆر دەکرێـــن[٤٨]. بۆ یەکەم جار دوای ئاوشڤیتز، ئەڵمانی، ئەم جارە چەپ نەک ڕاست، چەک بەرووی جوودا دەر دەهێنێت و تیرۆری بەکۆمەڵ دەکات. ئەمڕۆ ئەگەر ئەنتیســـێمیتیزمی چەپڕەو چی تر لە قۆناغی تیرۆریزمدا نەمـــا بێتەوە، پەڕیوەتەوە بۆ مەیدانی کولتووری و خەباتی بایکۆتکردنی ســـەرجەمی کاڵای ئیســـرائیل، بـــۆ نموونە «BDS»، کە ســـاڵانێک بانگەشەی ئەوە دەکرا لەلایەن کۆمەڵگەی مەدەنیی فەڵەستینییەوە وەک کاردانەوەیـــەک بەرانبـــەر سیاســـەتی داگیرکاری دامەزرابێت، بەڵام لەم ســـاڵانەی دواییدا دەر کەوت لەلایەن چەپی بریتانی و لە لەندەن دامەزراوە. دەیڤد هیرش، مێژوونووس و کۆمەڵناســـی بریتانی، لە مانگی مای ساڵی ٢٠١٦ لە کۆنفرانسی قوتابخانەی لێکۆڵینەوە خۆرهەڵاتی و ئەفریقییەکاندا دەڵێت:

*«بزووتنەوەی بایکۆت، لەسەرمایەگوزاری خســـتن، ئابڵوقەدانـــی ئیســـرائیل نە لەلایـــەن فەڵەســـتینییەکانەوە، واتـــا چەوســـێنراوانەوە دەستپێشـــخەری بۆ کـــراوە نـــە لەلایەن ئەوانیشـــەوە داهێنراوە. بەڵکو لـــە بریتانیا، لەلایەن کۆمەڵێک خەڵکی بریتانییەوە داهێنرا، کە دەیانویســـت بایکۆتی ئیســـرائیل بکەن. ئەوان لەنێوان ٢٠٠٣ بۆ ٢٠٠٥ بـــەردەوام دەچوونـــە فەڵەســـتین و هەندێک چالاکی فەڵەستینییان بەوە ڕازی کرد کە BDS ســـتراتیژییەکی زۆر گونجاو دەبێت. ئەوان ئەوەشـــیان ڕوون کـــردەوە کە باشـــترین ڕێگە بۆ بەگەڕخستنی ئەم ستراتیژییە ئەوەیە کەمپینەکە وا پیشـــان بـــدەن کە لە فەڵەســـتینەوە ســـەرچاوەی گرتووە و بڵێن ئەمە بانگەوازێکی ڕەسەنە لەلایەن چەوســـێنراوانەوە بـــۆ بەتەنگەوەهاتن و هاوپشـــتی. پاشـــان هەمان چالاکە بریتانییـــەکان گەڕانەوە بـــۆ بریتانیا، کەمپینەکەیان لـــە زانکۆکانی بریتانیا بۆ زانکۆکانی فەڵەســـتین و کەمپینی فەڵەستینی بۆ بایکۆتکردنی کولتووری و ئەکادیمیـــی ئیســـرائیل، بەگـــەڕ خست»[٤٩]*

پێویســـت بەوە ناکات بڵێین کەمپینی BDS شـــتێکی نـــوێ نییـــە، بەڵکو لە ســـەردەمی نازیزمـــدا بە هەمان شـــێوە هەبـــووە و ئەوە نازییەکان بوون بۆ یەکەم جار داوایان دەکرد: بازنـــە ڕۆشـــنبیرییەکان، کتێبـــی جووەکان، بـــازاڕ و کەســـابەتیان، گـــەڕەک و شـــوێنی نیشتەجێبوونیان و ... هتد بایکۆت بکرێن.

یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی کە پێشـــتر من، ئەو کاتەی هێشـــتا لەنێـــو چوارچێوەی مارکســـیزمدا بیرم دەکـــردەوە، پێم دەگوت «پشـــتیوانیی هەڵبـــژاردە» (Selective Soli-dartiy)ی چـــەپ لەگەڵ کورد بـــەراورد بە فەڵەســـتین، بەڵام ئێســـتا پێـــی دەڵێم «لە هاوپشـــتی خستنی مەبەســـتدارانە» (Delib-erate Desolidarisation) دەگەڕێتـــەوە بـــۆ تێگەیشتن و ئایدیۆلۆژیزەکردنی ئەوەی چەپ پێی دەڵێت «باشووری جیهان» کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێیدا بەشێکییەتی. چەقبەستنێکی هەڵکشـــاوی نەریتێکی بیری چەپڕەوی دوای جەنگـــی جیهانیی دووەم ســـەر هەڵدەدات و

دەچێتە نێو چوارچێوەیەکــی ئایدیۆلۆژیانەی بیرکردنەوەی یەک-ئاراســتەبینییەوە، یاخود دانانی نەیــاری و ناکۆکییەکان لــە بەرانبەر یەکتــر، روونتــر، ڕەش و ســپیبینین، بــۆ نموونە دوو ڕەنگی مرۆڤ هەن ڕەش/ســپی، ڕەشپێست یاخود ئەمرۆ دەگوترێت ڕەنگی یان ئەســمەر نوێنەرایەتیی بیری پێشکەوتووخواز و فیمینیســتی و چەپ دەکەن، سپیپێســت خۆبەخۆ گوزارشتە لە فاشیزم، سەرمایەداری، کۆلۆنیالیــزم و ئیمپریالیزم؛ باکوور/باشــوور، باشووری جیهان بریتییە لە وڵاتانی لە ڕووی ئابوورییــەوە دواکەوتوو بەهــۆی داگیرکاریی کۆلۆنیالییــەوە، بەڵام لــە ڕووی کولتووری و سیاســییەوە شۆڕشگێڕ و پێشــکەوتوو، هەر لەبەر ئەوەیە حەماس و حزبوڵا و حوســی و ئێران وەک بەشــێک لەم بەرە شۆڕشگێڕییە دەبینرێــن، باکــووری جیهانیــش خۆبەخۆ واتا خۆراوای دژە-دیموکراتــی، ئیمپریالیزم، دژە-شۆڕشــگێڕ و نارەنگاورەنگ؛ چەوســاوە/ چەوسێنەر، لێرەشدا باشووری جیهان شوێنی چەوساندنەوەی دەســەڵاتە چەوسێنەرەکانی ســەر بە باکــووری جیهانە؛ ئیمپریالیســت/ دژە-ئیمپریالیســت؛ دیســان لێرەشدا ئێرانی خومەینی، تورکیای ئەردۆغانی بەتایبەت لەو ســەردەمەی بڕیاری ڤیتۆی لــە دژی هاتنی فینلاند و ســوید بۆ ناو ناتۆ دا، عێراقی سەدام حوســەین، لیبیای مەعمەر قەزافی، و ... هتد وەک بەرەی دژە-ئیمپریالیست دەناسێنرێن؛ و دواجار ســەدا ١/ ســەدا ٩٩؛ واتا باکووری جیهان ســەدا یەکە و باشووری جیهان سەدا ٩٩ پێک دەهێنێت بەخودی ئەوانەش کە لە باکووری جیهان لە بەرەی سەدا ٩٩ دەوەستن، واتــا چەپەکان، کۆچبەران، ڕەشپێســتەکان، پۆستکۆلۆنیالەکان و ... هتد.

لەم چوارچێــوە ئایدیۆلۆژییە چەپگەری-پۆســتکۆلۆنیالییەدا، بێگومــان جــووەکان لــە باشــووری جیهانــدا جەســتەیەکی نامــۆن و هەبوونی ئیســرائیل هاوکێشــەی پێشــکەوتنخوازیی دژە-ئیمپریالیســتیی باشــووری جیهانی لاواز کــردووە. لەبەرئەوە چــەپ دەبێت بە هەموو هێزی خۆیەوە لەپاڵ باشــووری جیهان بوەســتێت بۆ نەهێشتنی دەوڵەتــی ئیســرائیل کــە وەک «دەوڵەتــی فیتنە، خراپەکاری ســەرزەوی، سپیپێســت، ئیمپریالیســت، چێنــراوی کۆلۆنیالیزم» و ... هتد دەیبینێت. لێــرەدا ئێمە نزیک دەبینەوە لەو تێزەی پێشــتر بــەرزم کردووەتەوە: «لە هاوپشتی خستنی مەبەستدارانە». لەبەرئەوەی کورد لــە ڕووی جوگرافییــەوە دەکەوێتە ناو بلۆکی باشــووری جیهانەوە، بــەڵام لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە نەک ســەر بــەو بلۆکە نییە، بەڵکــو لەلایــەن هــەر چــوار دەوڵەتی ئەم بلۆکەوە دەچەوسێنرێتەوە، هەروەها لە ڕووی ئایدیۆلۆژیشــەوە کــورد بەدرێژاییی لانیکەم ٨٠ ســاڵی ڕابردوو ئەوەی پیشــان نەداوە لە بەرەی «بلۆکــی بەرەنگاری» (axel of resist-ance) دەوەستێت، واتا دژی خۆراوا، ئەوا ئەمە بەئاسانی «سیاسەتی هەڵوێستگەرایی» (poli-tics of position)ی چەپــی بەرانبەر بە کورد بەرهــەم هێناوە. بێ هــۆ نییە، چەپ کاتێک لــە ڕووی زمانی ڕەوانبێژییەوە پشــتیوانی لە کوردســتان دەکات، هەمیشــە خــۆی لەنێو ئەم زاراوانــەدا دەر دەبڕێت: چینی کرێکاری کورد، سۆســیالیزم لە کوردستان، هەڵوێستی دژە-ئیمپریالیســتی و دژە-زایۆنیســتی، دوورکەوتنەوە لە خۆراوا و ئیســرائیل. ئەمانە لــە ڕوانینی یەکەمــدا وا دەر دەکەون چەپ بیەوێت پشتیوانی لە کوردستان بکات، بەڵام لە بنەڕەتدا هۆشــداریدانە بە کــورد: ئێوە لە بــەرەی ئیمپریالیــزم و زایۆنیزم وەســتاون. هەر لەبــەر ئەوەیە هــەر خەباتێکــی کورد دژی ئێران، تورکیا، عێراق و ســوریا لەلایەن پۆســتکۆلۆنیالیزم و چەپی پۆســتکۆلۆنیالەوە وەک لاوازکردنــی بلۆکی باشــووری جیهان دەبینرێــت، ئەمــەش بێگومان بــە هاندان و دەســت لە پشــتدانی زایۆنیــزم. تەنانەت

کەسێکی وەک ئێدوارد سەعید لە ساڵی ١٩٩١دا نکوڵی لەوە دەکات سەدام حوسێن هەڵەبجەی کیمیاباران کردبێت و ئەمە وەک درۆیەکی پروپاگەندەی خۆراوا بۆ لاوازکردنی بلۆکی دژە-ئیمپریالیستی دەبینێت[٥٠].

بەڵام لە هیچ شوێنێکی حیکایەت و خەباتی چەپدا لەگەڵ فەڵەستین ئێمە بەر ئەوە ناکەوین مەرج بۆ پشتیوانییەکان ببینین. واتا چەپ ناڵێت من پشتیوانی لە دەوڵەتێکی سۆسیالیستیی فەڵەستینی دەکەم، بەپێچەوانەوە، حەماسیش وەک بەشێک لە چەپی جیهانی دەبینێت. لەلایەکەوە ئاڵای وڵاتان (بە ئاڵای کوردستانیشەوە) وەک هێمای ناسیۆنالیزم و ڕەتکراوە دەبینێت، بەڵام ئاڵای فەڵەستین، کە لە بنەڕەتدا ئاڵای پانعەرەبیزم بووە و یەکەم جار بەعسییەکانی سوریا و پێشتریش بۆ عێراقی پاشایەتی دانراوە، وەک هێمای ئەنتەرناسیۆنالیزم و خەباتی جیهانیی دەبینێت. هەر لەبەر ئەوەیە لە سەردەمی شەڕی دژە-داعشدا چەپەکان ڕەتیان دەکردەوە کورد چەک لە ئەمریکا و ناتۆ وەربگرێت، لەکاتێکدا دونیا دەیزانی کورد کەوتووەتە بەردەم جەنگی مان و نەمانەوە، بەڵام وەرگرتنی ڕاکێت و هاژەک لەلایەن حەماسەوە لە ئێران، وەک ڕاکێتی سۆسیالیستی و دژە-ئیمپریالیستی دەبینن. بەکورتی، لە گێڕانەوەی ئێستای چەپدا کورد و جوو دەبنە دوو پەیکەرە و جەستەی نامۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناو بلۆکی باشووری جیهان، فەڵەستینییەکان دەبنە بکەر/سەبژێکتە تازە شۆڕشگێڕییەکان لە حیکایەتی چەپدا و شوێنی پرۆلیتاریا دەگرنەوە. کوردەکان و جووەکانیش وەک هێزە چینە ناوەڕاست یان لە خراپترین حاڵەتدا لومپەن پرۆلیتارە دژە-شۆڕشگێڕەکان دەبینرێن.

## ژێدەرەکان

١. ئەنتیسێمیتیزم وەک ناو بە دەربڕینە ئینگلیزییەکەی بەکار دەهێنم، کە بە وشە بە وشە بە مانای «دژە-ڕەگەزی سامی» دێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەنتیسێمیتیزم وەک ئایدیۆلۆژیایەکی مۆدێرن جیاوازە لە «دژە-جووایەتی»ی کلاسیکی مەسیحی و ڕق و کینە بەرانبەر بە جوو لە ئیسلامدا و فۆرمگۆڕینی ئەنتیسێمیتیزم لای چەپ و بوونی بە دژە-زایۆنیزم، و هەروەها لەبەرئەوەی عەرەبە موسڵمانەکانیش یاخود عەرەبە چەپەکان بۆ ئەوەی ئەنتیسێمیتیزمی خۆیان بشارنەوە، بیانووی ئەوە دەهێننەوە و دەڵێن «ئێمەی عەرەبیش هەر سامین، چۆن دەکرێت دژی ڕەگەزی سامیی خۆمان بین»، دەبێت پێداگری لەسەر بەکارهێنانە لاتینییەکە بکەینەوە و پاشان ناوەڕۆکەکەی شی بکەینەوە. لە ڕابردوودا دژە-جووایەتیم لەبری ئەنتیسێمیتیزم بەکار دەهێنا، بەڵام ئەمڕۆ وەک خۆی بەکاری دەهێنمەوە.

٢. بۆ زانیاریی زیاتر بگەڕێنەوە بۆ:
Samuel Salzborn, Antisemitismus seit 9/11: Ereignisse, Debatten, Kontroversen, Nomos Verlagsgesellschaft, Baden-Baden, 2019, s.308-320.

3. Stephen Eric Bronner, A Rumor about the Jews Conspiracy, Anti-Semitism, and the Protocols of Zion, Palgrave/St. Martin›s Press, 2019.

4. Theodor W. Adorno, Minima Moralia: Reflexionen aus dem beschädigten Leben, Suhrkamp Verlag, Frankfurt am Main, 2016, s.125.

5. Richard Evans, The Hitler Conspiracies: The Third Reich and the Paranoid Imagination. Allen Lane Publishing House, 2020, p.25-26.

6. Volker Ullrich, Adolf Hitler: Die Jahre des Aufstiegs 1889—1939, Fischer Verlag, Frankfurt am Main, 2013, s.93-94.

7. Hannah Arendt, The Origins of Totalitarianism, Penguin Classics, London, 2017, p. xix.

8. Norman Cohn, Warrant for Genocide: The Myth of the Jewish World Conspiracy and the Protocols of the Elders of Zion, London, 1967, p.13.

9. Robert Wistrich, A Lethal Obsession. Anti-Semitism from Antiquity to the Global Jihad, New York, 2010, p.158.

١٠. خوێنەر دەتوانێت بۆ ئەم مەبەستە بگەڕێتەوە بۆ کتێبە کاریگەر و باشەکەی مێژوونووسی ئەڵمانی، ڤۆلفگانگ بێنتز: تۆمارنامەکانی سەرانی زایۆن: ئەفسانەکانی باڵادەستی جیهانیی جوو:
Wolfgang Benz, Die Protokolle der Weisen von Zion: Die Legende von der jüdischen Weltverschwörung, C.H.Beck, München, 2017.

١١. بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە هەڵکشانەوەی ئەنتیسێمیتیزم لە ئەڵمانیا لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە، بگەڕێنەوە بۆ:
Monika Schwarz-Friesel, Judenhass im Internet Antisemitismus als kulturelle Konstante und kollektives Gefühl, Bundeszetrale für politische Bildung Verlag, Bonn, 2020.

12. Flavius Josephus, Against Apion, translated by William Whiston, https://www.gutenberg.org/cache/epub/2849/pg2849-images.html

١٣. بۆ لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژ دەربارەی نەریتی دژە-جووایەتی لە خۆراوا بگەڕێنەوە بۆ کتێبە زۆر گرنگەکەی دەیڤد نیرنبێرگ بەناوی: دژە-جووایەتی: نەریتی خۆراوایی:
David Nirenberg, Anti-Judaism: The Western Tradition, W. W. Norton Publishing House, New York, 2014.

14. Adolf Hitler, Verhandlungen des Reichstags, Stenographische Berichte für die Wahlperiode 1939-1942, Band. 460, zitiert nach: Eberhard Jäckel: Hitlers Herrschaft, 3. Aufl. Stuttgart, 199, s.94.
15. Shulamit Volkov, Interpreting Antisemitism: Studies and Essays on the German Case, Walter de Gruyter GmbH, Berlin/Boston, 2023, p.68.
16. Matt Palumbo, The Man Behind the Curtain: Inside the Secret Network of George Soros, Liberatio Protocol, 2022.
17. Karl Marx, Zur Judenfrage, in Karl Marx und Friedrich Engels, Gesamtwerke, Karl Dietz Verlag, Berlin. Band 1, 1976, s.347-377.
١٨. مارکس، پرسی جوو، بەرگ، ل.٣٧٢.
١٩. هەمان سەرچاوە، ل.٣٧٣.
٢٠. هەمان سەرچاوە، ل.٣٧٧.
21. Pierre Joseph Proudhon, On the Jews, https://www.marxists.org/reference/subject/economics/proudhon/1847/jews.htm
22. Peer Jürgens, Antisemitismus: Sozialismus des dummen Kerls? Sozialdemokratie und Antisemitismus im Deutschen Kaiserreich, Diplomica Verlag, 2013.
٢٣. بۆ ڕەخنەیەکی جددیی سەرتاپاگیر لە ئەنتیسێمیتیزمی چەپڕەو بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەی ڕۆبەرت ویستریش:
Robert S. Wistrich, From Ambivalence to Betrayal: The Left, the Jews, and Israel, University of Nebraska Press, Lincoln and London, 2012.
24. Matthias Küntzel, "Islamic Antisemitism: Ist Genesis ,Meaning, and Effects," Antisemitism Studies 2, no.2 (2018): 235–253.
٢٥. بڕوانە:
مذكرات الحاج محمد أمين الحسينی، إعداد وتصنيف: عبد الكريم العمر، الأهالی للطباعة والنشر والتوزيع الطبعة الأولی، ١٩٩٩.
26. Joseph B. Schechtman, The Mufti and the Fuehrer: The Rise and Fall of Haj Amin el-Husseini, New York, Thomas Yoseloff, 1965, p.104.
٢٧. سيد قطب، معركتنا مع اليهود، دار الشرق، القاهره، ١٩٩٣، ص٢٠.
٢٨. محمد حسين يعقوب، هل أنت يهودی، ٢٠٠٩، https://www.youtube.com/watch?v=GtczRFGKPNM
٢٩. محمد سيد طنطاوی، بنو إسرائيل فی القرآن والسنة، دار الشرق، القاهره، ٢٠٠٠، ص.٧١٣.
٣٠. بۆ تۆمارنامەی دادگای هامبورگ بگەڕێنەوە بۆ
Christian Eggers, ‚Die Juden werden brennen' – Die antisemitischen Wahnvorstellungen der Hambruger Al-Qaida-Zelle um Mohammed Atta, in Matthias Küntzel, Islamischer Antisemitismus und Deutsche Politik, LIT Verlag, Berlin, 2007, s.161-163.
٣١. بڕوانە هەمان سەرچاوە.
32. Peshraw Mohammed, Eine unheilige Allianz: Das Bündnis zwischen Linken, Postkolonialen und Islamisten, 21.12.2023 https://jungle.world/artikel/2023/51/linke-postkoloniale-und-islamisten-eine-unheilige-allianz
33. Vojin Saša Vukadinović (hrs), Siebter Oktober Dreiundzwanzig: Antizionismus und Identitätspolitik, Querverlag, Berlin, 2024.
34. Peshraw Mohammed, Left and Islamism: Antisemitism and Antikurdism, translated by Russell Berman, https://www.telospress.com/author/pmohammed/
٣٥. بۆ زانیاری سەبارەت بە هاتنی زایۆنیستەکان بۆ کوردستان، بگەڕێنەوە بۆ
Scott Abramson, Early Zionist-Kurdish Contacts and the Pursuit of Cooperation: the Antecedents of an Alliance, 1931-1951, University of California, 2019.
36. Jeffrey Herf, Israel's Moment: International Support for and Opposition to Establishing the Jewish State, 1945-1949, Cambridge University Press, Cambridge, 2022, p,66.
٣٧. المادة ٢ تعرف من ميثاق حماس بأنها «حركة عالمية» و«أحد فروع الإخوان المسلمين فی فلسطين»: ميثاق حركة المقاومة الإسلامية، مجلة الدراسات الفلسطينية، المجلد ،٤ العدد ١٣ (شتاء ١٩٩٣)، ص ١٤٦.
٣٨. محمود حسن الدرة، القضية الكردية والقومية العربية فی معركة العراق، دار الطليعة، الطبعة الثانية منقحة، منشورات دار التعاليه، بيروت، ١٩٦٦، ص.٣٨٨.
٣٩. ميشيل عفلق، ذكری الرسول العربی، http://albaath.online.fr/Volume%20I-Chapters/Fi%20Sabil%20al%20Baath-Vol%201-Ch33.htm
٤٠. ميشيل عفلق، المسألة الكردية والثورة العربية، فی سبيل البعث - الجزء الخامس، بغداد، ١٩٨٧، ص.٣٦.
41. Hamid Dabashi, "On the Kurdish Question," Al Jazeera, November 27, 2017. https://www.aljazeera.com/opinions/2017/11/27/on-the-kurdish-question
٤٢. هەمان سەرچاوە.
٤٣. بڕوانە:
Peshraw Mohammed, Left and Islamism: Antisemitism and Antikurdism, translated by Russell Berman, https://www.telospress.com/author/pmohammed/
٤٤. دەباشی، دەربارەی پرسی کورد، سەرچاوەی پێشوو.
٤٥. هەمان سەرچاوە.
46. Kommunistische Volkszeitung v. 29.1.1979.
47. Zitat nach Martin Kloke, Israel und die deutsche Linke. Zur Geschichte eines schwierigen Verhältnisses, Schriftenreihe des Deutsch-Israelischen Arbeitskreises für Frieden im Nahen Osten, 2. Aufl, Frankfurt am Main 1994, s.94.
٤٨. بڕوانە:
Jeffrey Herf, Three Faces of Antisemitism: Right, Left, Islamist, Routledge, London and New York, 2024, p.135.
49. David Hirsh, Contemporary Left Antisemitism, Routledge, London and New York, 2018, p.103.
50. Edward Said, an American and an Arab, writes on the eve of the Iraqi-Soviet peace talks, https://www.lrb.co.uk/the-paper/v13/n05/edward-said/edward-said-an-american-and-an-arab-writes-on-the-eve-of-the-iraqi-soviet-peace-talks